# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم ژمارە (69) 15/2/2020 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە


**دۆسیەی ژمارە" ٩ ساڵ دوای ١٧ شوبات" چەند گفتوگۆیەکە لەگەڵ هاوڕێیان" جەمال محسین، عەلی محەمەد، چیمەن قەرەداغی، لەلاپەڕەکانی 12-13-14 دەخوێننەوە...**

# دوای ٩ ساڵ بەسەر خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوباتدا، زەمینەی خرۆشان و ڕاپەرینێکی ڕێکخراوتر و سەراسەری تر بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەوە لە ئارادایە!



## وتەی ژمارە

### دوای ٩ ساڵ بەسەر خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوباتدا، زەمینەی خرۆشان و ڕاپەرینێکی ڕێکخراوتر و سەراسەری تر بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەوە لە ئارادایە!


١٧ ی شوباتی ئەم مانگە، ٩ ساڵ بەسەر یەکەمین خرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، بەدژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و تاڵانچی و سەرکوتگەری بزوتنەوەی کوردایەتیدا تێدەپەڕێت.
٩ ساڵ لەوەپیش، خەڵکی کوردستان بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕاپەرین و خرۆشانی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی لە باکوری ئەفریقیا، بەدژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ڕاپەرین.
هاتنە مەیدانی جەماوەری کوردستان، بەرئەنجامی کەڵەبوونی تورەیی نزیک بە ٢٠ساڵەی جەماوەری بوو، لەدژی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان. تورەیی بوو لە دزی و تاڵانی ئاشکرا. نەفرەت بوو لە بێکاری و گرانی. ڕاوەستانەوە بوو بەدژی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و کەم کردنەوەیان. ڕاسان بوو بەدژی سەرکوت و بێمافیدا. "نا" وتن بوو بە نابەرابەی ئابوری و خۆشخزمەتی بەوڵاتانی ناوچەکە. بێدابوونەوەیەکی بەکۆمەڵ بوو بەدژی دەسەڵاتی ڕەشی بزوتنەوەی کوردایەتیدا....

بۆ لاپەڕە ٢

## لە ٩ هەمین ساڵیادی ١٧ شوباتدا بۆ بۆپێشەوە دەدوێن... ل 12_13_14


جەمال محسین


عەلی محەمەد


چیمەن قەرەداغی

**قوربانیانی توندوتیژی و نامووسپەرستی...ل2**

**قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار لە هەڵکشاندایە... ل2**

**نەبوونی غاز وەك مۆتەکەی سەر ژیانی هاوڵاتیان...ل3**

**دیسان هێرش بۆسەر دەستفرۆشان...ل3**

**بەرهەمهێنانەوەی تایبەتکراوی خێزان و چەوساندنەوەی ژنان لەمرۆدا!...ل3**

**دۆخی یەکێتی دوای کۆنگرە، بەرەو خراپتر دەچێت!...ل4**

**پێویستە ژنانی کوردستان بێنە گۆڕەپانی کار...ل4**

**بەیەکەوە دەبێ کۆنەخوازی و گەندەڵکاری نەمێنێ...ل5**

**پرسی ژن** ل6

**یادی ٩ ساڵەی ١٧ شوبات هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە و دەرسەکانی!...ل6**

**ئەدەب و هونەر** **گۆشەی** ل7

**دیمانە سەبارەت بە لێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی و گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران ... ل9**

**ئاراستەیەکی تر لە نێوان کەناڵی «ڕووداو» و «مەریوانی هەڵەبجەیی»دا سەبارەت بە ئایندەی ئیسلام؟...ل8**

**گۆشەی تایبەت**

لەم ژمارەیەدا گۆشەیەکمان لەسەر ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان لەخۆپیشاندان و ڕاپەرینی عێراقدا کردۆتەوە... هەریەك لە هاوڕێیان "عوسمانی حاجی مارف، نادر عبدالحمید... لەم ژمارەیەدا وەڵامی بۆپێشەوە دەدەنەوە. ل 10-11

## درێژەی وتەی ژمارە...

خەڵکی کوردستان لەبەشێکی زۆری شارو شارۆچکەکانی زۆنی سەوزدا، هاتنە مەیدان و بەدەنگی رەسا پەیامی "نا" وتنیان بەدەسەڵاتی حزبۆکراتی کورد ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەدا ئەم ڕاپەرین و هاتنە مەیدانە جەماوەرییە زۆنی سەوزی تێپەرنەکردو نەپەرییەوە بۆ زۆنی زەرد، بەڵام ئەمە بەمانای تەبایی و گونجانی جەماوەری لەگەڵ دەسەڵاتی زۆنی زەرد نەبوو، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو پارتی لەڕێگای سەرکوتێکی سیستماتیکی مەکەزییەوە، نەیهێشت تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بێتە سەرشەقامەکان و ئاوێزانی بزوتنەوەی نارەزایەتی زۆنی سەوز بێت، بەڵام ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە رەوایەی جەماوەری کوردستان بەدژی سەرجەم دەسەڵاتی رەشی بزوتنەوەی کوردایەتی بوو لەهەردوو زۆنەکەدا. وەڵامی ئەو دەسەڵاتە بە خۆپیشاندەران و خواستە زۆر سادەو رەواکانیان، هەروەکو چاوەڕوان دەکرا سەرکوت و راوەدوونان، زیندان و ڕفاندن و کوشتن بوو.

خواستی" نان و ئازادی و عەدالەت و نەفرەت لە تالانی و دزی، گێرانەوەی بەها و شکۆ بۆ هاوڵاتیان" میحوەری داخوازییە جەماوەییەکانی ١٧ شوبات، بوو. بەڵام ئەو دەسەڵاتە رەشە کەبەهۆی خۆبەستنەوە بە جەنگ و ملهوری ئەمریکا، شانسی داسەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر سەری خەڵکی کوردستاندا بەنسیب ببوو، نان و ئازادی و شکۆی ئینسانی ناتەبا بە ماهیەتی کۆنەپەرستانەی بوو. بۆیە جەنگی وەرێخست و هەرچی لەدەستی هات بۆ خامۆشکرنەوەی خۆپیشاندانەکان و سەرکوتکردنی بەدەستیەوە گرت... لە ئاکامدا بەدەیان هاوڵاتی خوازیاری نان و خزمەتگوزارییەکان و تینوی ئازادی و عەدالەت و خەڵتانی خوێن کران و بەسەدانیان برینداربوون و بەدەیان کەس لەهەڵسوڕاوان و خۆپیشاندەران ڕفینران، یان خرانە زیندانەکانی دیموکراسی کوردایەتییەوە.

ئەم خرۆشانە جەماوەرییەی ١٧ شوبات، هەر وەکو چۆن یەکەمین چەخماخەی جەماوەری بە کۆمەڵ بوو بەدژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و تاڵانچی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، هاوکات یەکەمین ڕاچەنین و تەکان بوو کە سەراپای دەسەڵاتی سیاسی و بۆرژوازی کوردی توشی لەرزین و ترس کرد. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لەپاڵ سەرکوت و پیلانگێرییەکانیدا، ناچار بوو بەڵێنی چاکسازی بدات، لەژێر گوشاردا دەیان بەڵێنیدا، وە سوێندی!! خوارد، لەسەرکوتکەران و بەڵتەجیەکانی بپرسێتەوە و ڕادەستی یاسایان!! بکات و بکوژانی خۆپیشاندەرانیش بداتە دادگا!!.

باڵێکی ناڕازی بۆرژازی کوردی لە بەشی خۆی نیگەران "بزوتنەوەی گۆڕان" لەگەڵ ئیسلامیەکانی هاوپەیمانی، خۆیان هاویشتە ناو نارەزایەتی جەماوەرییەوە، بڵندگۆکانیان بەدەستەوە گرت، لاسایی برا ئیخوانیەکانیان لە میسر کردەوە نوێژی سیاسییان بردە بەردەم سەرای ئازادی، بانگەشەی چاکسازی و پاکیچی شەفافیەتیان... بەدەستەوەگرت...سەرئەنجام ئاسۆی سیاسی خۆیان کردە ئاسۆی زاڵ بەسەر خۆپیشاندان و نارەزایەتی ١٧ شوباتدا. بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکان لە غیابی بزوتنەوەی بەهێزی چینی کرێکاریی رێکخراو و چەپ و کۆمۆنیستییدا خواستی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریان بۆ نان و ئازادی و گێرانەوەی شکۆی ئینسانی، بەلارێدا برد و ئاسۆی سیاسی تەماحکارانەی خۆیان بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی حزبۆکراتیدا، جێخست.

سەرئەنجام دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد لەرێگای زەبرو زەنگ و سەرکوت، و بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکانی چاوتیژ بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی تالانچی و گەندەڵی، بە فریوکاری و زاڵکردنی ئاسۆی کۆنەپەرستانەیان، ئامانج و خواستەو رەواکانی بزوتنەوەی ١٧ شوباتیان پەک خست و راپەرین و خرۆشانی رەوای جەماوەری ١٧ شوباتیان، خامۆش کردەوە.

بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکان، دوای گورز وەشاندن لە راچەنینی جەماوەری و بەلارێدا بردنی، زۆر زوو نەخشەی بەشداری لەدەسەلاتیان بەکردەوە دەرهێنا و بە بەڵێنی" چوار ساڵی ئارام" بوونە هاوبەشی لەدەسەڵاتدا و خوێنی بەناحەق ڕژاوی خۆپیشاندرانیان کردە دەستمایەی بەشداری لەدەسەڵات و تاڵانی و دەستراگەیشتنیان بە ژیانێکی شاهانە بۆ خۆیان و ئایندەی دورودرێژی دوای خانەنشینی بوونیان لەپۆست و سیاسەت.

ئێستا دوای ٩ ساڵ بەسەر بزوتنەوەو خرۆشانی ١٧ شوباتدا، دەسەڵات سیاسی مەنفورترە، گرانی و بیکاری، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو کارەبا، ئاو، غاز، نەوت، خزمەتگوازری تەندروستی، وێرانەیی سیستەمی پەروەردە، دزی تالانی ئاشکرای نایاسایی و بەیاسایی کراو، تورەیی جەماوەری چەند بەرابەر کردووە، هوشیاری سیاسی جەماوەری بردۆتە سەرەوە، خۆشباوەری بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی تا رادەیەکی زۆر فراوان رەویوەتەوە، نارەزایەتی جەماوەری قوڵپ دەدات. زەمینەی دوبارە بوونەوەی ١٧ شوباتێکی تر، بە ئاسۆیەکی رۆشنترو بە ریزیکی رێکخراوتر و بە ئاستێکی سەراسەری ترەوە.... ئامادەیە. ئەرکی چینی کریکاری رێکخراو و چەپ و کۆمۆنیستەکانە، ئامادەی نەبەردی داهاتوو، ١٧ شوباتێکی تر بە نەخشەو ئامانجدارانەوە بن، بۆکۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشتبەستوی جەماوەری و کە زامنی ژیانێکی ئازاد و بەرابەرو خۆشگوزەران بێت.

**ناوەراستی شوباتی ٢٠٢٠**

# قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار و چاوچنۆکی سەرمایەداری

بەرواری ١٤/١/٢٠٢٠ کرێکارێکی خەڵکی مەریوان بەناوی "جەمشید تۆفیق" لەکاتی کارکردندا و بەربوونەوەی لە بینایەکی بەرزەوە لە شاری هەولێر گیانی لەدەستداوە.

بەرواری ٢٣/١/٢٠٢٠ کرێکارێکی تەمەن ٣٩ ساڵ، خەڵکی ورمی بەناوی" بەهمەن رەحیم" لە شاری دهۆک لەکاتی کارکردندا گیانی لەدەستداوەو کرێکارێکی تر لەگەڵیدا بەناوی" مەسعود عەبدول رەزاق" بە بەسەختی بریندار بووە. جێگای باسە لەماوەی ٣ مانگی رابردوودا بەپێی هەواڵی ریکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ٦ کرێکاری تر کەخەڵکی کوردستانی ئیران بوون، لە کوردستانی عێراقدا و لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە



بەم ناوانەی خوارەوە: بەهمەن قادری خەڵکی بۆکان، ئیرەج سەعیدی خەڵکی ورمێ، هادی سەبووری خەڵکی کامیاران، محەمەد قازی ئیبراهیم خەڵکی سەردەشت، جەمشید ئیزدەی خەڵکی مەریوان، بەهمەن کوڕی ڕەحیم و خەڵکی ئورمیە...

بەرواری ٢٨/١/٢٠٢٠ کریکارێک کە پیشەی کارەباچیتی بوو بەناوی" حەیدەر ساڵح" کە خەڵکی کەلارە لەشارۆچکەی خانەقین بەهۆی تەزووی کارەباوە لەکاتی کارکردندا گیانی لەدەستداوە.

بەرواری ٥/٢/٢٠٢٠ کرێکارێک بەناوی" ئیعرام تۆفیق" تەمەن ٢٢ ساڵ کە خەڵکی شاری سامەرا بوو لەکارگەی دروستکردنی کریبسۆن و لەکاتی دروستکردنی شۆستەدا و بەهۆی بەربوونەوەی پارچەیەک کۆنکریت بەسەریدا گیان لەدەست دەدات.

بەرواری ٨/٢/٢٠٢٠ کرێکارێک بەناوی" سەلاح عەبدولا" کەخەڵکی گەرەکی پەنجە عەلی شاری کەرکوک بوو، لە شەقامی ئەتلەسی شاری کەرکوک لەکاتی کارکردنیدا لە بینایەک دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات.

### قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی




* بەرواری ٣/٢/٢٠٢٠ لەگەرەکی هەواری شار، لەشاری سلێمانی پیاوێک ژن و خەسوەکەی دەکوژێت و پاشان خۆیشی کۆشتوە... دەوترێت لێکۆڵینەوە لە روداوەکە دەستی پێکردووە.

* بەرواری ٧/٢/٢٠٢٠ کچێکی تەمەن ١٣ ساڵان بەناوی" ب، ر" دانیشتوی شارەدێی خەلیفان، لە رێگای دەمانچەوە دەکوژرێت... دەوترێت پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە.

لەم دوایانەدا، دوبارە و بە پاساوی جوانکردنی سیمای شارو شەقامەکان، شارەوانی سلێمانی هێرشی کردە سەر دوکانە سەفەری و عارەبانەو دەستفرۆشانی شەقامی سالمی شاری سلێمانی. دیارە ئەوە یەکەم جار نییە دەستفرۆشانی لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بەپاساوی پوچی جوانکردنی سیمای شار و شەقامەکان هیرش دەکەنە سەر

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

# نەبوونی غاز وەك مۆتەكەی سەر ژیانی هاوڵاتیان...

ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە، بەڵایەکی تر یەخەگیری زوربەی هەرەزۆری خەڵکی بێدەرەتانی کوردستان بۆتەوە... ئەویش نەبوونی غاز و گران کردنیەتی بۆ دوو بەرابەر. دیارە لە بازاری رەش و بە نرخی دوو بەرابەرو زیاتر بەئاسانی دەست دەکەوێت.
خەڵکی کرێکارو هەژارانی کوردستان، بەجیا لەوەی کە دەرگیری بێکاری، گرانی، بی کارەبایی و بێ نەوتی و کەمی خزمەتگوزارییەکان و دەیان موسیبەتی ترن... لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و شەپۆلێکی بەفر و سەرما، گران بوونی غازیش پێ زیاد بوو کە ئەوەندەی تر ژیان و گوزەرانیانی سەخت کردووە... ئەوە لە کاتێکدایە کە داهاتی هەرە سەرەکی کوردستان زۆری نەوت و غازە. ئەوەی کە وای کردووە غاز گران ببێت، راستەوخۆ پەیوەندی بە چاوچنۆکی و ململانێی کۆمپانیاکانی حزبی و سیبەری حزبە دەسەڵاتەکانەوە هەیە... و هاوکاتیش بودەڵەیی و بێدەربەستی حکومەت و دەسەڵاتی چەتەکان دەخاتە روو. حکومەت و دەسەڵات لەهەریمی کوردستاندا، نەک هیچ بەرپرسیاریەتیەک بۆ دابینکردنی ژیان و پێداویستەکانی هاوڵاتیان ناگرێتە ئەستۆ، بەڵکو وەکو ژمێریارێکی بەغداش لە کوردستان، لە داهاتی خەڵکی کوردستان کە لە بەغدا وەری دەگرن، بەشیوەیەکی مافیایی حەپەلوشی دەکەن و داهاتەکانی کوردستانیش دابەشی نێوان خۆیان دەکەن و ئەوەی بۆیان گرنگ نییە، ژیانی هاوڵاتیان و پیداویستی و خزمەتگوزارییەکانیانە...
لەبەرامبەریشدا حکومەت و پەرلەمانە کارتۆنیەکەی بەیاسا موچەو ئیمتیازاتەکانی خۆیان بۆ ئێستاو دوای خانەنشینیشی چوار!! ساڵەشیان، زیاتر و چەورتر دەکەن. نەبوونی پیداویستیە زۆر سادەکانی وەکو ئاو، کارەبا، نەوت و لە ئیستاشدا گرانکردنی غاز، تاوانکارییەکی ئاشکرای دەسەڵات و کۆمپانیاکانیانە بەرامبەر بە خەڵکی نەداری کوردستان...
لەدۆخێکی ئاوادا تازە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد" نەوەی نوێ" لەجیاتی گوشار هێنان و گرتنەبەری رێگای ناچارکردنی دەسەڵات بە دابینکردنی غاز و خزمەتگوازرییەکان، خۆیان و لەداهاتێک کە لە گەندەڵی ژێر سایەی دەسەڵاتدا و لەقوتی هاوڵاتیان کەڵەکەیان کردووە، لەچەند شارو شارۆچکەیەک خەریکی دابەشکردنی غازن، و دەیانەوێت خەڵک وەکو سواڵکەر رابهێنن و رێگای خەباتکارانەیان بەرووردا دابخەن. خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە لە داهاتی کوردستان خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکرێت و لە سامانی نەوت و غازیش بەپێی پیویستی بەهرەمەند بن... رێگای پاشەکشە پیکردن بە دزی دەسەڵات و کۆمپانیاکان، گرانکردنی غاز، پیویستی بە راوەستاوی هاتنە مەیدانی جەماوەری هەیە.
"نەوەی نوێ" بەدابەشکردنی چەند لیتر غازێک، دەیەوێت خەڵکی کوردستان وەکو سواڵکەر و چاو لەدەستی سەدەقە بکات... ئەم هەنگاوەی نەوەی نوێ نەک ناتوانێ کۆتایی بە گرفتی سوتەمەنی هاوڵاتیان بهینێت، بەڵکو ریگای خەباتیشیان بەلارێدا دەبات... بۆیە خەڵکی کوردستان لەلایەکەوە دەبێ بەدژی دەسەلاتی گەندەڵ و چەتەگەریدا بوەستنەوەو ناچار بە دابینکردنی پێداویستیەکانی لەوانەش سوتەمەنی و غازیان بکەن و لەلایەکی تریشەوە سیناریۆی پوچی بە سواڵکەر نیشاندانی خەڵکی کوردستان لەلایەن رەوتی "نەوەی نوێ" وە لەقاو بدەن.

# دیسان هێرش بۆسەر دەستفرۆشان

لەم دوایانەدا، دوبارە و بە پاساوی جوانکردنی سیمای شارو شەقامەکان، شارەوانی سلێمانی هیرشی کردە سەر دوکانە سەفەری و عارەبانەو دەستفرۆشانی شەقامی سالمی شاری سلێمانی. دیارە ئەوە یەکەم جارنییە دەستفرۆشانی لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بە پاساوی پوچی جوانکردنی سیمای شار و شەقامەکان هیرش دەکەنە سەر دەستفرۆشان و نانی سەر سفرەیان دەرفێنن، بەڵکو ماوە نا ماوە بە بریاری پارێزگار و قایمقایم و شارەوانیەکان، هیرش دەکرێتە سەر دەستفرۆشان و بەزۆری هیز لەجیگای کارو کاسبیان رایان دەماڵن. پاساو جوان راگرتنی سیمای شار و شەقامەکانە!!. چ درۆیەکی شەرماوەرە... نەبوونی هەلی کار، موچەی کەم، گرانی بازاڕ، موچەی خانەنشینی ناچیز، نەبوونی پیداویستیە سەرەتایی و خزمەتگوزارییەکان، بە دیاردەیەکی ناشیرین و قێزەونی شارو شارۆچکەکان تەماشا ناکەن، کە هۆکاری سەرەکی دەستبردنی توێژێکی فراوانە بۆ دەستفرۆشی و دانانی دوکانی سەفەری...
کاری دەستفرۆشی کارێکی ناچاری و کاری بێبکارییە کە دەسەڵاتی چەتەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دایان سەپاندۆتە سەر توێژێکی بەرینی تازە لاوان و تەنانەت مناڵان، لاوانی ئامادەبەکار، دەرچوانی دانەمەزراوی پەیمانگاو زانکۆکان، کەسانی بەتەمەن لەبەر نەبوونی و گرانی، موچە خۆرانێک کە موچەکانیان بەشی دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان ناکات...
بەڵی ئەم توێژە بەرینە بەسەرمای زستان و قرچەی گەرمای هاوین ناچارن دەست بۆکاری دەستفرۆشی و عارەبانە گێری و دانانی دوکانی سەفەری ببەن... رێگاچارە بۆ ئەم دیاردەیە دابینکردنی ژیانە... دۆزینەوەی هەلی کارە، دانی بیمەی بیکارییە، بەرزکردنەوەی موچەیەیە، بەرپرسیاریەتی هەڵگرتنی خەڵکی بەتەمەن و خانەنشینیانە بەداهاتی گونجاو، وە دیاریکردنی شوێنی گونجاوە بۆ ئەوانەی ژیان و گوزەرانیان لەسەر کاری دەستگێرییە... هیرش بۆسەر دەستفرۆشان، بی ئەوەی رێگاچارەیەکی ژیان کردن بۆئەم توێژە دابین بکرێت، هیرشە بۆ خاڵی کردنەوەی سفرەکانیان و ناچارکردنیان بەکارێکی نەشیاو شکاندنی شکۆیان... پیویستە دەستفرۆشان بە یەکگرتووانە بەرووی هیرشی شارەوانیەکان و دەسەڵاتدا بوەستنەوەو خواستەکانیانی ژیان کردنیان بەسەریاندا بسەپێنن... وەجەماوەری ئازادیخواز پشتیوانی داخوازییەکانیان بن...

# بەرهەمهێنانەوەی تایبەتکراوی خێزان و چەوساندنەوەی ژنان لەمڕۆدا!

## نووسینی: بەڵێن ئیسماعیل



دەزگای کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان، کە لە سیستەمی کەپیتاڵیزمدا بەرپرسیارێتی سەرەکیی پاراستن و چاودێری و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری لە ئەستۆدایە، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ سەرکوتکردنی ژنان. خێزان تایبەت نییە بە کاپیتاڵیزم و بە شێوەیەکی جیاواز، بەڵکو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی کۆمەڵگە چینایەتییەکان. (خێزان) بە درێژایی کات خۆی ڕێکخستووە و خۆی گۆڕیوە. ئەم گۆڕانکارییانەش هەم بە هۆی ناکۆکییە ناوەکییەکانی خودی خێزان و هەم لە وەڵامی چییەتیی وەرچەرخێنەر و پابەند بە بەرهەمهێنانەوە، دروست بووە. لەسیستەمی سەرمایەداریدا خێزان تایبەتمەندیتی زۆری هەیە کە لە شێوەکانی پێشووتری جیای دەکەنەوە. لە هەموویان گرنگتر، ئەوەیە کە ئەو ڕۆڵە گرنگەی پێشتر خێزان وەک بەرهەمهێنەرو بەرهەمهێنەرەوە بۆ چینی کرێکار دەیگێڕا، ئێستا بە شێوەیەکی کاریگەر وەستاوە، چونکە پرۆسەکانی کاری گەورە هەیمەنەی بەسەر بەرهەمهێنانی کاڵادا کردووە. خێزانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر لە ئامرازەکانی ژیانکردن، لە دەرەوەی سەرمایەداری، سودمەند دەبن. یان بە گشتی لە مافی هەبوونی سەربەخۆیی لە ئامادەکردنی ئامرازەکانی بژێوی بێبەش بوون. لە بەرامبەردا بە ناچاری لە پێناو مانەوەی خۆیاندا بەکاری کرێی یەکێک یان چەند ئەندامیکیانەوە پابەند بوون. ئەم کێشەیە ڕۆڵی وەرچەخێنەری خێزان و ئەو دیمەنەی لێیەوە دروست دەبێت، وەک زەمینەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتی و کار، داڕشتووە. بەم پێیە خێزان، لانیکەم لە ڕووی تیۆرییەوە، لەسەر چاودێری و بەخشینی ئارامیی ئەو تایبەتمەندییەی ئەندامەکانی دامەزراوە کە بەهۆ و لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆدا بە ماندوێتی کاری کرێ و مەیدانی بەرهەمهێنانەوە دروست بوون.

ڕێچکەی مێژوویی ئەم گواستنەوەیە بەهیچ جۆرێک هەموار نەبوو. کاریگەری پیشەسازیی و هاوشانی دەرکەوتنی چینی کرێکار، تا ڕادەیەک پەیوەندییە دێرینەکانی خێزانی هەموو خەڵکی لەناو برد- پیاوان، ژنان و منداڵان – ناچاربوون بە کاری تاقەتپڕووکێن لە کاتێکی دوورو درێژدا، کە هەر جۆرە "ژیانێکی خێزانی" بەو فۆرمەوە کە هەنووکە دەیزانین، دەکردە مەحاڵ. بە بینینی هەمان ڕەهەند بوو کە مارکس و ئەنگڵس بەبێ هیچ دوودڵییەک و بە بەڵگەوە پێشبینییان کرد کە خێزانی چینی کرێکار بەهۆی چەوساندنەوەوە لە دۆخی لەناوچووندایە. "چەمکی خێزان چیتر بوونی نییە، بەڵام لێرە و لەوی خۆشەویستیی خێزانی دامەزراو لەسەر پەیوەندییەکی زۆر ڕاستەقینە بە تەواوی دەبینرێت " ئەمە ڕوانگەی ئەوان بوو بۆ ژیانی خێزانیی چینی کرێکار لە ساڵی ١٨٤٦دا. ڕیفۆرمخوازان و چینی ناوەڕاست هێرشێکی ئایدیۆلۆژی و قانوونیان پێویست بوو بۆ ئەوەی خێزانی ناوکی بەسەر چینی کرێکاردا بسەپێنن، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی لە دایکبوون و لانی کەمی مردنی بەرزی کۆرپەکان و کەمکردنەوەی لەدایک بوون و لانی کەمی مردنی بەرزی کۆرپەکان و کەمکردنەوەی ئومێد لە ژیانی کرێکاراندا، کە وەک هەڕەشەیەکی لەناکاو و درێژمەودا بۆ پیشەسازی هەژمار دەکرا. ئەم هێرشانە هەم لەگەڵ بەرگریی کرێکاران ڕووبەڕوو بووەوە و هەم لەگەڵ پارێزگاریی ئەواندا، کە سەرچاوەکەی لە لایەکەوە نیگەرانی بوو لە توانستی دابینکردنی بژێویی ئەندامانی خێزانەکانیان و لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووی ئەوان بوو بۆ گێڕانەوەی شکۆ و کەرامەت کە وەک بڵێیت تەنها خێزان دەیتوانی بۆیان دابین بکات. سەرئەنجام، تەماشاکردنی خێزان لە ناو چینی کرێکاردا بە شێوەیەکی دانەبڕاو لەگەڵ بابەتە ستاندادەکانی ژیاندا پەیوەندیی هەبووە و هەیەتی. ناتوانرێت بەو شێوەیەی کە بەشێک لە فێمینیستەکان بیری لێ دەکەنەوە سەبارەت بە ژنان، یان سەبارەت بە سوود و بەرژەوەندیی بەشداریی ژنان لە هێزی کاردا ببینرێت.

لە سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستەم، خێزان بەبێ ئەوەی لەناو بچێت، درێژەی بە ئەنجامدانی ئەرکی دیاریکراوی خۆی دا. خێزان وەک سەرچاوەیەکی چاودێری، ئارامی و خۆراک، لەمرۆشدا وەک بەرپرسی سەرەکی خۆشبەختی و بزوێنەرێک بۆ کرێکاران دەبینرێت، بە جۆرێک، کە کرێکاران بتوانن ڕۆژێک، مانگێک، ساڵێک یان دە ساڵی دیکە کار بکەن. تەندروستی و بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان و بەشێکی زۆری چاودێریکردنی بەساڵاچوان و بیماران و ئەوانەشی توانای کاریان نەماوە، بەردەوام لەلایەن خێزانەوە ئەنجام دەدرێت. سەرچاوەیەکی ئامادە و گونجاو بۆ چەوساندنەوە لە هێزی کاردا بە کەمترین تێچوون (واتە ئەو کرێکارانەی کە خوازیارن و دەتوانن لە پێناو هەقدەستدا کار بکەن)، گرنگترین سەرقاڵییە بۆ چینی سەرمایەدار. بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان ئامادەبن بۆ کار و تەنها بۆ قەرەبووکردنەوەی کارەکەیان کەمێک لەو بەهایە قبوڵ بکەن، کە لەگەڵ کارەکەیاندا بەرهەمیان هێناوە، هیچ قازانجێک، هیچ کەڵەکەکرنێکی سەرمایە و هیچ ئامادەییەکی بەهێزو دەستکەوتێک بۆ چینی سەرمایەدار بوونی نابێت. ئەوەی کە کرێکاران لە زۆرینەی بوارەکاندا خواستیان بۆ دووبارەکردنەوەی دەزگای خێزان هەیە، ئەرکەکانیان بە ئاسانی و بەبێ هیچ گریمانە و قەرەبوویەک ئەنجام دەدەن و چاودێریکردنی نەوەکان یان ئەوانی دیکە وەک بەرپرسیارێتییەکی تایبەتی لە ئەستۆ دەگرن، لە دیدی سەرمایەدارەوە، خێزان ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەیە، هەم وەک دەزگایەکی زەرووری ئابووری و هەم وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی کە لە فۆرمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جودا نییە و گرێدراوە پێیەوە.

زۆرینەی ئەو کارانەی بۆ دامەزراندنی خێزان ئەنجام دەدرێن، خۆبەخشانە، بەبێ هیچ جۆرە باربوو (قەرەبوو) یەکی ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی نارێکخراو لەلایەن ژنانەوە شکڵ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا، ژنان و پیاوان کاتی کاریان لە هەفتەدا وەکو یەک بێت (بە کاری هەقدەستی و نا هەقدەستییەوە)، هێشتاش ژنان بەشێکی زیاتر لە کاری بێ کرێی ناوماڵ ئەنجام دەدەن، بە تایبەت کاتێک کە چاودێری کۆرپە ساواکانیشیان بن. سەرەڕای ئەوەی جیاوازی سەعاتی کاری ناو ماڵ کە ژنان و پیاوان ئەنجامی دەدەن، لە ماوەی دوو دەیەی کۆتایدا کەمتر بووەتەوە، بەڵام هێشتا هەستی بەرپرسیارێتی سەبارەت بە ماڵ و منداڵان زۆر جێی سەرنجی ژنانە. گرفتی بونیادی لە کڵێشە جێندەرییەکاندا و نەبوونی یەکسانیی ئابووری لە نێوان ژنان و پیاواندا و خواست و چاوەڕوانییەکانی خاوەنکاران بوونەتە هۆی دۆخیک کە ژنان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئامانج و خواستە فەردییەکانی خۆیان یان هاوسەرەکانیان، خۆیان بە ناچار ببینن لە گێڕانی ڕۆڵی چاودێریکردندا.

# پێویستە ژنانی کوردستان بێنە گۆڕەپانی کار

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



کار چەمکێکی زانستیو ئابوورییە. کارتێکەری کار لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی ئابووریو گۆرانکاری لەسیستەمی کۆمەڵایەتی دیارو بەرچاوە. بە شرۆڤەیەکی‌تر، کار لەپەیوەندی چڕاوچڕ لەگەڵ چەمکی ئابووریدایە، ئابووریش شوێندانەری بەسەر کۆمەڵگاو هەڵدانی مرۆڤایەتی لەقۆناغێکەوە بۆبڕگەیەکی‌تر هەبووەو هەیە.

"کارل مارکس" مەزنترین کەسایەتی هزرڤانو بیرۆکەداڕێژی زانستی مارکسیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا ،بونیادی زانستی ماتریالیزمی مێژوویی، کار بە شێوازیکی زانستی شرۆڤە دەکا. لە شیکردنەوەکەی‌دا هەر سیستەمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی مێژوو راستەوخۆ بە چۆنێتی کارو شێوەی بەرهەمهینانیەوە گرێ دەداو کاردانەوەکانی کار بە سەر ئابووریدا بە وردی تاوتوێ دەکا.

ئەو کار بە پاڵنەری هەموو هەڵدانەکانی مێژوو و رێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دێنێتە نرخاندنو ئابووریش بەبنچینەی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی وەسف. دەکات. لەروانگەی زانستی ئەوەوە سیاسەت، کۆمەڵگا، فەرهەنگ، رۆشنبیری و... سەرخانی هەر ژێرخانێکی ئابوورییە.

"مارکس" لە تێزی بەناو بانگی کارو سەرمایە بە خەستی باسی بەرهەمهینانو پێک ناکۆکیبوونەکانی کارو سەرمایەو نا عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی سەرمایەداری دا دەکا، کە لێکدانەوەی بنەرەتی تێزەکەی لە سەر شیکردنەوەی کار دانراوە.

کە وابوو رێچکەی باری ژیانی مرۆڤایەتی، بە کارو کۆمەڵایەتی کردنی کارەوە گرێ دەخوا. بەهۆی کارەوە ئابووری دێتە ئەنجامو کار دەبێتە، بابەتێکی گرینگ بۆ گۆرانکاریو وەک پێویستی هەڵدانی ئابووری پێناسە دەکرێ.

لە ناو ئەم باسەدا چەند پرسیارێک بەرجەستە دەبێتەوە: کۆمەڵگای کوردستان چۆن چۆنی لەو چەمکە دەڕوانێت؟ کۆمەڵایەتیکردنی کار لە پراکتیک دا لە کوێ ویستاوە؟ رۆلی ژنان لەو پرۆسەیەدا چۆن دێتە نرخاندن؟ کارو بەرهەم هێنان بە هۆی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمە خاوەن چ گرینگێکە؟

هێنانە بەر باسی چەمکی کار لە کۆمەڵگای کوردستان لە بنەماڕا رەخنە هەڵگرە .ئێمە پێکهاتەیەکی نابەرهەمهێنەر و بێبەش لە هەڵدانی پاکراوی نەتەوەیینو پتر مەسرەف گەراین. رەخنەیەکی بەرچاو لەو بارەوە بێبایەخکردنی کاری ژنانە، لەپاڵ ئەمەشدا بۆچوونی پاشکەوتووانە سەنگەری گرتووە. بۆچوونی عەشیرەتسالار ، ئایینزا، پیاو مەزن، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر باری ئابووری داناوە. هەرچەند بەربەرکانی ژنان و پێویستیە سەردەمیەکان ژنانیان هێناوەتە گۆرەپانی کارو خزمەتگوزارێوە، بەوحالەش بەو چەشنە پێویستی دەخوازێت، کاری ژنان گرینگی پێنەدراوە. کاری ناوماڵ بۆ ژنان بۆتە بۆچوونی زاڵو باڵی بەسەر هەڵوێستی گشتی‌دا کێشاوە، بەم جۆرە بە شێوەیەکی دەسکرد کاری ناو ماڵ بە ژن بڕاوە. سەرباری ئەوەش ئەو کارە لە بایەخی ئابووری کەوتووە. بەهۆی بۆچوونی ئایین سالارەوە کاری دەرەوەی ماڵ بۆ ژن لهژێرسێبەری هزری ناموس پەرستی، بەحەرامی رانەگەیەندراو خۆی سەپاندووە. بۆچوونی تێکەڵاوی خورافەو نەزانی رەهەندێکی مەترسیداری توندوتیژی و هێرشی هەوسارپساوی رەوانی بۆسەر ژنان رێکخستووەو دۆخێکی تەواو ناتەندروستی کۆمەڵایەتی پێکهیناوە، ئەوانەش هەموو بۆ هەرچی زیاتر پەستاوتنی ژنان لە کونجی ماڵدایە. شوێندانەرییە نەرێنیەکانی ئەم توندوتیژییە رەوانیانە، بە رادەیەک مەترسیدار بووە کە هەنووکە ژنان لە کارو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، رێژەیان زۆر کەمە.بەم جۆرە لەشکرێکی مەزنی کار و بەرهەمهێنان بێکار کراون.

میدیاو راگەیاندنی کوردی لەمبارەوە کەم کار بوون و ئەم دۆخە نالەبارەیان نەداوەتە بەر رەخنەی قەلەمیانەوە، تەنانەت هیندێکجار رۆڵی نەرێنیشیان گێڕاوەو بە ئەنقەست ئەو هەوالو رێپۆرتاژانەیان زەق نیشانداوە کە گوایە ژنان لە شوێنی کار و خزمەتگوزاری دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، ئەمەش بە مەبەستی نارەوای سازکردنی باگراوەندی کەشو هەوای ناتەندرووستی کۆمەڵایەتی بۆ سەر ژنانە، تا نەچنە ناوگۆرەپانەکەوەو هەروا دوورە پەرێز بمێننەوە

کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە دەسکەوتە ئیستراتیژییەکانی، ناچارە رێگەی گەشەو هەڵدانی ئابووری لە رێگەی هێنانی ژنان بۆ ناو بازاری کارەوە بکاتە ئەرکێکی مرۆڤی. پێویستە پرسی کاری ژنان، وەک بابەتێکی گرینگی ئابووری و دەرەتانی گونجاو لەو پەیوەندییەدا بڕخسێندرێت. ئێمە وەک زۆربەی وڵاتە پیشەییو پێشکەوتووەکان بە کاری ژنان لەناو ماڵ واتایەکی ئابووری دەبێ بدەینو نرخی ئابووری پێبدەین.

رۆژنامەڤانانی سەربەخۆ و جیابیر، بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ ئەم پرسە گرینگە دەبێ کاراتر بن. بێ رێزی نواندن و دەربڕاندنی روانگەی چەواشە پێویستە بەری پێبگیرێ. هەر گروپو لایەنیک پەرەپێدەری بۆچوونی توندوتیژی لەم بارەوە بن دەبێ بە شێوەی یاساییو دادپەروەرانە مامەلەیان لەگەڵ بکرێت. روکنی چوارەمی دەسەڵات واتە رۆژنامەڤانی دەتوانی کوردستان بەرەو بۆچوونی شارستانی ببا و لە ئەنجامدا و بە هاتنە گۆرەپانی کارو بەرهەمهێنان بەهۆی ژنان، کوردستان ببێنە خاوەن ئابوورێکی گەشاوەو روو لە هەڵدان.

# دۆخی یەکێتی دوای کۆنگرە، بەرەو خراپتر دەچێت!

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەلایەکەوە بەستنی کۆنگرەی وەکو رێگایەک بۆ ڕزگارکردنی یەکیتی لە گرفتە ناوخۆیی و خنکێنەرەکان، دەخستەروو، لەلایەکی تریش وەکو سەرەتایەک بۆ هەڵسانەوەی یەکێتی و نویکرنەوەی، بەڵام دوای بەستنی کۆنگرەیەکی عەنتیکەو کەم وێنە، ئیستا یەکێتی نیشتیمانی نەک هەر بەدەست گرفتەکانی پێشوویەوە گرفتارە، بەڵکو سەرەتاکانی دەرگیربوونی لەگەڵ گرفتی تازەش،




کەوتوونەتە روو.

پیشوتر کیشەی باڵ و هێلە جیاوازە ناوخۆیەکانی یەکێتی گرفتێکی واقعی بوو، کۆنگرە لە جیگای وەڵامدانەوە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو باڵانەو ناکۆکیەکانی نێوانیان و دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ کۆتاییهینان بەو ململانێیەو دۆزینەوەی رێگاچارەیەک، بەدەستبردنی بۆ سازان و ریکەوتن لەسەر بنەمای هاوسەنگی تازە، رەسمیەتی بەخشی بە باڵ و هێلەکان و کاراکتەرە سیاسیەکان. بۆهەرکام لەو باڵ و لاباڵ و کاراکتەرانەش ناوەندی بریار و بێ بریارو راویژکاری فۆرماڵی قوتکردۆتەوە. بنەماڵەی تاڵەبانی و ئامۆزاکان لە پیش کۆنگرەو لە کۆنگرەدا توانیان پیگەی خۆیان قایم و هاوکات باڵادەست و فەرمی بکەن و بەوهۆیەشەوە دەست ئاوەڵا بن، بۆ دیاریکردنی ئاراستەی یەکێتی... لەو چوارچیوەیەدا کۆبونەوە زنجیرەیەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیان بۆ گۆرانی پەیرەوی ناوخۆی دەستپێکردووە، کە مەسەلەی میحوەری بۆیان رەسمیەت بەخشینە بە پیگەی بنەماڵەو دەسەڵاتەکانی و زامنکردنی میراتگری بۆ تاڵەبانی باوک... بەڵام ئەمە بێ کێشە نییەو لەوەدەچیت باڵی بنەماڵە، کە هیلێکی ناو یەکێتی بوو بکاتە باڵی ئاوس بە بەناکۆکی ناوخۆیی... پرسی هێنانە گۆری هاوسەرۆکایەتی، سەرەتایەکی رۆشنی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لەناوخۆی بنەماڵەدا نیشان دەدات، بەمەش کیشەی رابەری و ناوخۆیەکانی یەکێتی لە باڵەکانی پیش کۆنگرەوە، کیش دەکات بۆ کیشەی ناوخۆیی بنەماڵەش... لەوەش واوەتر لەگەڵ ئەوەدا پیگەی باڵەکانی تر لەبەرامبەر باڵی بنەماڵەدا، بەرەوە داکشان چووە، بەڵام ململانێکانیان ماوەو ئاسان ئامادەی قبوڵکردنی ئاکامەکان و دەرهاویشتەکانی کۆنگرە و بریارە خێراکانی بنەماڵە نابن... نامەکەی کۆسرەت رەسوڵ بەوێنەی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕاگرتنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی گشتیی سەرکردایەتیی حزبەکەی و هوشداری دان لەخراپتربوونی دۆخی یەکێتی، بەیانی ئەو راستیە دەکات، کەدۆخی ناوخۆیی یەکێتی نیشتیمانی لەبەردەم مەترسیدایە... بەڵام ئەمە هەموو پەیامەکە نییە، بەڵکو هاوکات سەرەتای بەریەک کەوتنێکی تازەی دوای کۆنگرەشە. کە وا دەردەکەوێت دۆخی یەکێتی خراپتر لە دۆخی پێش کۆنگرە بکات...

# بەیەکەوە دەبێ کۆنەخوازی و گەندەڵکاری نەمێنن

## عبدالرحمن رەسول



کۆنەخوازو گەندەڵ و دزەکان نایانەوێت سیستەمی چەوسێنەر بگۆڕێت، چونکە بەنەمانی سیستەمی چەوسێنەر خۆیان و بیروباوەڕی کۆنەخوازیان دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگەوە. دوای نەمانی دەسەڵاتیان دەبێت لەسەر ئەنجامدانی تاوانە جۆراوجۆرەکانیان لەدادگایی خەڵکدا دادگایی بکرێن وسزا بدرێن. دواتر لەلایەن خەڵکەوە دەخرێنە بیرەوەری مێژووی مرۆڤایەتییەوە. وەکو کردەوەکانی فاشیزم و سەرۆکە دیکتاتۆرو مرۆڤکوژەکان ودزو گەندەڵکارەکانی مێژوویێکی ڕەش وخراپ تۆمار دەکرێن بۆ ئەوەی هەرگیزا و هەرگیز هاوشێوەی ئاکارو کردەوەیان دووبارە نەبێتەوە. دەکرێتە وانەیەک بۆ مرۆڤەکانی کۆمەڵگە کە کۆنەخوازان و گەندەڵگاران و دزانی قۆناغی ئێستا چ بەڵایەک بوون بەسەرشانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، هۆکارەکەی ئەوەبووە کە هەردوو لایان هاوبەش بوون لە دروستکردنی کێشەو قەیرانەکان. ئەمەش بۆ نەگۆڕاندنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی چەوسێنەر. دواتر نەوەکانی داهاتوو هەموو ئەوانەی کەئەمرۆ لەناو زەلکاوی کۆنەپەرستی وکۆنەخوازی ودزی وگەندەڵی دا شۆڕش و تێکۆشانیان کردووە، هەروەکو نموونەیەکی جوانی ئازادیخوازی نەوە دوای نەوە دەناسێندرێن و ڕێزیان لێدەگرێت...

چەوسانەوەی مرۆڤەکان بەرهەمی سیستەمی چەوسێنەرە، نەمانی چەوسانەوەش پەیوەندی بەلابردنی ئەوسیستەمە چەوسێنەرەوە هەیە. عناسری ئایینی و مەلاکانیش بەردەوام پارێزگاریان کردووە لەسیستەمە چەوسێنەرەکان، دەسەڵاتە ملهوڕەکان بەردەوام مەلاکانی لەبەرژەوەندی مانەوەی خۆی بەکارهێناوە. پارە و پوڵیان پێداون و ژیانێکی باشیان بۆ دابینکردوون. دواتر بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵات وتارییان بۆ خەڵک داوە و فتوایان دەرکردووە، هەرگیز ڕەچاوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان نەکردوە، چونکە بەردەوام بەرژەوەندی خۆیان و دەسەڵاتیان پاراستووە. بەشێکی تر لەمەلاکان دەستیان لەگەڵ دەوڵەتێکی کۆنەپەرست تێکەڵ کردووە، بەپێی ڕێنمایی و ئامۆژگاری وبەرژەوەندی ئەوان وتارییان داوە. کە ڕاستگۆیانە بەدواداچوون و توێژینەوە لەسەر مێژووی بڵاوکردنەوەی پەیامی مەلاکان بکرێت کەمترین لەمەلاکان ڕاستگۆیانە و بێ بەرژەوەندی حیزبی و کەسی خۆیان پەیامی ئاینیان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوکردۆتەوە.. هەر بۆیە بەردەوام لەمێژوودا مەلاکان وەکو موبەلیغی دینی بەکارهاتوون وبەکاریان هێناون بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیستەمی چەوسێنەر. هەرچی مەلا هەیە لەلایەن حکومەت و دەوڵەتەکانیانەوە مانگانە هەروەک فەرمانبەری دەوڵەت مووچەی هەیەو خانەنشین دەکرێت و هاوکاری ویارمەتی دەدرێت، ئەم هاوکاری ویارمەتیدانە لەبەرامبەر بێدەنگی وبێ هەڵوێستیان بەرامبەر زوڵم وزۆری و دزی وگەندەڵی و هەژاری و بێکاری وچەوسانەوەی خەڵکیدایە. نموونەشمان دەرکردنی فتوادانی ئەنفالکردنەکان و کۆمەڵکوژییەکان لەعێراق و تورکیا و ئێران و سووریا و دەوڵەتانی تر، هەموویان بەفتوای مەلاکانی دەسەڵات بوون، دواتر ئیسلامییەکان ومەلاکانی تر بێدەنگ وبێ هەڵوێست بوون. مەلاکانی ئێران و کوردستان لەبەرامبەر فتواکانی خومەینی لەدژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێرشکردنە سەر خەڵکی سیکۆلار وئازادیخواز بێ هەڵوێست وبێ دەنگ بوون. بەدرێژایی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان ژنان زیندە بەچاڵکراون، لەئێران لەلایەن ئاخوندەکانی ئیسلامییەوە گەنجان و لاوانەوە لەسێدارە دەدرێن بەهۆی هەبوونی دەوڵەتێکی دینییەوەیە کە پێیان وایە بە لەسێدارەدانی مرۆڤەکان تاوانەکان کەم دەبێتەوە، بەڵام بە بەراورد بە دەوڵەتێکی سیکۆلارو پێشکەوتوودا بەردەوام دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بەشی شێری بەرکەوتووە لەئەنجامدانی تاوان وسوکایەتی و ئازاردان بەمرۆڤەکاندا. ڕێکخراوی ئیسلامی داعش بەهۆی فتواکانییەوە کە هەستا بە ئەنجامدانی گەورەترین تاوان لەمێژوودا کەبەهەزاران ژنان وکچان بازرگانیان پێوەکران و بەهەزاران ژنان وپیاوان کەیەزیدی بوون کۆمەڵکوژکران و بەهەزاران کەس کە لەخۆیان جیاواز بیری کردەوە بەئاشکرا سەربڕدران و سووتێندران و کوژران کە بە ئاشکرا ئەمە بەفتوای مەلاکانی داعشی ئیسلامی بەڕێوەچوو. مەلاکان و ڕێکخراو وحیزبە ئیسلامییە توندڕەو میانڕەوەکانی تریش پاکەنەیان بۆ کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەکرد. لەمینبەری مزگەوتەکانەوە بە ئایەت و حەدیسەکانیان تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی ئیسلامییان دادەپۆشی.. کەواتە لەهەر شوێنێک دەسەڵاتی دینی هەبێت خەڵک باجی زۆر دەدات و کۆمەڵکوژ دەکرێت و ئازادییەکانی لێ قەدەغە دەکرێت. کاتێک مەلاکان حیزبیان دروستکردووە بەپێی نەخشەوپلانی دەوڵەتانی ئیسلامی بەرنامەی حیزبیان داناوەو جێبەجێیان کردووە، هەربۆیە هاوکاری وماددی ومەعنەوی زۆرکراون لەلایەن ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی کە لەوحیزبە ئیسلامیییەوە نزیکە. ئەمە بە حیزبە توندڕەو میانڕەوەکانەوە هەر بەوجۆرەن کە هیچیان سەربەخۆیانە لەدانانی بەرنامەی سیاسی وپەیوندی دیبلوماسی وحیزبایەتییاندا سەربەخۆ نەبوون. لە عێراق و باشووری کوردستان بۆ هەموو حیزبە ئیسلامیی و نا ئیسلامییەکانیش زۆرینەیان هەمان شت بووە نەیان توانیوە سەربەخۆیانە وپشت بەخەڵکی ناوخۆی کوردستان وعێراق ببەستن. هەربۆیەش نەتواندراوە کێشە وقەیرانەکانی عێراق وکوردستان چارەسەر بکرێت. ئەمەش وای کردووە کە کاریگەری دەسەڵات ودەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران زۆر باش ببیندرێت وهەستی پێبکرێت. زۆرێک لەیاساکانی دەوڵەتی عێراق هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانە بەتایبەت لەبارەی مافەکانی ژنان و یاساکانی هاوسەرگیری دا. سیاسەت و بانگەشە فکرییەکانی حیزبە ئیسلامییەکان هاوشێوەی فاشیزمی ئیسلامیی ئێرانە و لەسەر بنەمای خورافەو و توندرەوی دامەزراوە. نموونەش گرووپ وڕێکخراوە ئیسلامیییە شیعە و سونەکان لەعێراقدا بەتوندترین شێوەی بەڕێگەی چەکداری ڕووبەڕووی خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەری شارەکانی عێراق لەساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ بوونەوە بەهۆی ئەمانەوە کە بەهاوکاری فاشیزمی ئیسلامی ئێران ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی خۆپیشاندەری عێراق بوونە قوربانی وبریندارکران بەدەستی چەکدار و چەقوکێشەکانی ڕێکخراوە ئیسلامیی توندڕەوەکانی عێراق و بەهاوکاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەم هێزە ئیسلامییانە وەک هێزێکی کۆنەخواز پشتیوانی مانەوە دەسەڵاتی چەوسێنەرو گەندەڵی عێراقن. نایانەوێت سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ بگۆڕێت. هەربۆیە بەردەوام سیناریۆ ساز دەکەن بۆئەوەی پاشەکشە و شکست بەشۆڕش وڕاپەرین ونارەزایەتی خەڵکی شارەکانی عێراق بهێنن. بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق هەرلەسەرەتاوە لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری ماددی ومەعنەوی زۆر کرا و تەنانەت چەکی پێدەدا. کە دەستی بەسەر ناوچەکانی شاری هەلەبجەو شارەزورو خورمال و احمدەئاوا داگرتبوو، زۆر توندڕەوانە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا دەکرد، هاوشێوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامی داعش فتوا و یاسای کۆنەپەرستانە و دژە ئینسانی دەردەکرد بەزۆر بەسەر خەڵکی دا دەسەپاند. ژنان وکچان بەتوندترین شێوە دەچەوسانەوە وئازارو ئەشکەنجە دەدران.. دواتر کە حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دامەزرا بەهۆی ناکۆکی وشەڕیان بوو لەسەر پلەو پۆست وبەرژەوەندی شەخسی ئەم حیزبەش هاوکاری ماددی وچەکداری کرا لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان کەحیزبێکی بەناو میانەڕەوە لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییە ئیخوانەکانەوە و دەوڵەتی ئیسلامی تورکیا بەسەرۆکایەتی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیاوە زۆر هاوکاری ماددی و مەعنەوی کراوە،. دۆستایەتی و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ یەکتری هەبووە و ئێستاش هەیە لەنێوان یەکگرتوویی ئیسلامیی کوردستان و پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیاوە. ئەو تاوان و کۆمەڵکوژی لەسێدارەدانانەی کەلەژێر سایەی فاشیزمی ئیسلامیی ئێران دا لەماوەی ٤٠ ساڵە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو حیزبانەی کە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پەیوەندی باشیان هەیە بێ دەنگ وبێ هەڵوێستن، بۆ دەوڵەتی ئیسلامی تورکیاش هەروایە ئەمە جۆری کاری سیاسی وحیزبایەتییانە لە عێراق و کوردستان دا بەوجۆرەن. کەواتە بۆ چارەسەری ئەمە دەبێت دەسەڵات وسیستەمێکی سیکولار هەبێت. ئەمەش چارەسەر ئەوەیە کە تێکۆشانی باشتر بکرێت بۆ جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات وحکومەت، ئەمەش بۆئەوەیە کە کەس نەتوانێت دین بەکاربهێنێت بۆبەرژەوەندی سیاسی وکەسی. هەموو مرۆڤەکان بەهەبوونی هەر بیروباوڕو دینێک ئازادانە لەکۆمەڵگەدا بەیەکەوە ئاشتییانە بژین ...

**پێویستە هەموو ئەو قانوون و یاساڕێسا دەستو پێ گیرو دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسیيانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسییەتی ئەوان وەکو هاووڵاتییەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگەدا ناکۆکە، هەڵبوەشینەوە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتییەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن**

**بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:** shwana.journalist@gmail.com

# "ئەو کرۆنایەی کەدامێنی ئافرەتانیشی گرتووە"



بەگوێرەی توێژینەوەکانی ئەمرۆی بەشێک لەکۆمەڵناسان و دەروونناسان دەردەکەوێت کە ئاڵودەبوون بە مادەهۆشبەرەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژ کردەوە و وەڵامێکە ڕووخێنەر لەئاست ئەو ئاکارە چاوەڕوانەکراوە دەروونی و دەرەکیەکان کە بەم شێوەیە کەسەکە هەوڵ دەدات ئازار و کێشە دەروونییەکانی خۆی وەکوو: پەشۆکاوی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، بێچارەیی و بێبەشیەکانی خۆی کە لە کۆمەڵگەدا تووشی هاتووە کەمکاتەوە یان ئەوەی کە بەشێوەی کاتی چارەسەریان بکات، کە ئەمە شێوازێکی نادرووستە بە مەبەستی هەڵاتن لەو ڕاستیانەی کە بوونیان هەیە.

ەڕاستیدا کەسی گیرۆدەبوو وەکوو کەسانی تر مرۆڤێکن کە پێویستیان هەیە بەوەی کە خۆشەویستی بکەن و خۆشیان بوێن ئەویش دەیەوێت موحیبەت بکات و موحیبەتی پێبکەن؛ دەیهەوێت بوونی بۆ کەسانی دیکە بەسوود و کاریگەر بێت و هەروەها بوونی کەسانی دیکەش بۆ ئەو بەسوود و کاریگەر بێت. لەئاکامدا هەستی دەروونی داوای لێدەکات کە دەبێت ئاڵوگۆڕێک بەسەر خۆیدا بێنێت، گۆڕانێک کە ڕزگاری بکات لەهەموو ئەو کێشە و نەهامەتیانە و لەپێوەند لەگەڵ خۆی و ئەو کۆمەڵگایەی ژیانی تێدا دەکات ئەرک و ئەستۆی خۆی بگرێت. ئەگەر چی بەداخەوە بەهۆی کێشە و لادانی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی و هەروەها نەبوونی سیستەمێکی بارهێنانی ڕێک و پێک کەسەکە بەرەبەرە لەڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی دووردەکەوێتەوە و بە هەڵبژاردنی شێوە و پێوەری نادرووست و ڕووخێنەر لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەی بێگانە دەبێت و ئەو هەڵاتن و دوورکەوتنەوە لەخۆی هانیدەدات لە سووچیماڵدا خۆی قەتیس بکات و چاوی خۆی بەڕووی ڕاستیەکاندا ببەستێت.

جێگای باسە کە ئاڵودەبوو وڵامێکی فیزۆلۆژیکی جەستەیە بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی مادەهۆشبەرەکان ئەم هۆگربوونە لەلایەک دەبێتە هۆی ئاسوودەی و ئارامی کاتیی و جارجارێکیش هاندەر و شادی هێنەرە بۆ کەسی ئاڵودەبو و لەلایەکی دیکەوە دوای تەواوبوونی ئەم کاریگەریانە دەبێتە هۆی بەدواداچوونی سەرلەنوێی کەسەکە بۆ دۆزینەوەی مادەی هۆشبەرو بە بەردەوامی هۆگر دەبێت بەمادەهۆشبەرەکان.

لەوەها حاڵەتێکدا کەسەکە هەم لە بواری جەستەیی و هەم لە بواری ڕەوانیەوە دەبێتە هۆگری مادەهۆشبەرەکان و ناچارە کە بەرەبەرە ڕێژەی ئەو مادە هۆشبەرەکەی کە پێویستێتی ڕێژەکەی زیاد بکات، بەڵام بێخەبەر لەوەی کە ژنانیش وەکوو زۆربەی چین وتوێژە جواوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەهۆکاری جواوجۆر تووشی ئەم دیاردە دەبن.

لەساڵانی زۆر پێشووتردا بازاری مادە هۆشبەرەکان تەنیا دەیتوانی گرووپێکی بچووک لە ژنان لەخۆبگرێت لەکاتێکدا ئەمرۆ ئەم بازارە بەهۆی بوونی مادەی هۆشبەری نوێ توانیوێتی ژنانێکی زۆرتر بخاتە بازنەی خۆیەوە. لەڕابردوودا بۆ قاچاخچیەکان دەستڕاگەیشتن بە ژنان دژوارتر لەمرۆ بوو لەبەر ئەوەی ئەوان زۆرتر لە ماڵەوە بوون، هەروەها مادەی هۆشبەر نەبوو کە ژنان بتوانن بەئاسانی کەڵکی لێوەربگرن. بۆ وێنە ئەگەر ژنێک دەیویست تریاک بەکاربێنێت تەمبەڵ رادەهات و لەکاری ماڵەوە دوادەکەوت و دەوروبەریەکانی زووبە ئاکارەکەیان دەزانی، بەڵام ئێستا مادەی هۆشبەری نوێ بوونی هەیە کە دەتوانێت ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەدا چالاکن گیرۆدە بکات و بە ڕووکەش چالاک و هەڵسوراو نیشانیان بدات .

بەڵام دەبێ بیسەلمێنین کە ژنان لە سەرەکیترین قوربانیانی زۆرێک لە خەسار و لادانە کۆمەڵایەتیکانن و یەک لەوانەش ئاڵودەبووە. ئامارە نوێیەکان باس لەڕێژەی (نۆ بە یەک) دەکەن، واتە لەهەر دە گیرۆدەبوو یەکیان ژنە، بەڵام ئەم ڕێژەیە ڕوولە زیادبوونە. هەرچەند کاتێکی زۆری ماوە کە ڕێژی ژنانی گیرۆدەبوو بە مادە هۆشبەرەکان لەگەڵ پیاوان هاوسەنگی بکات لەبەرئەوی کە هێشتا دۆخی ئەم دوو ڕەگەزە لە کۆمەڵگەدا جیاوازە، بەڵام چارەسەری بۆ ژنی گیرۆدەبوو زۆر دژوارە، چونکە ژنێک کە گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکان دەبێت دەستبەجێ هەموو پردەکانی پشت سەری خۆی دەرووخێنێت؛ ئەو بۆ وەدەستخستنی نرخی کرینی مادەهۆشبەرەکە ئامادەیە دەستبداتە هەموو کارێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی بنەماڵە، یاسا و تەنانەت لایەنی ئەخلاقی خۆشی لەبەرچاوناگرێت، لەحاڵێکدا ئەم بابەتە لەنێو پیاواندا کەمترە و بەشێوازی جیاوازتر دەبینرێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئاڵودەبوون لە ژناندا پەرەنەسەندی شارەزایی و پسپۆری پێویست بۆ سەرکەوتن لە ژیاندایە. نەبوونی توانایی تاکەکەسی پێویست بۆ وەدەستخستنی جێگە و پێگەی پیشەیش یەکێک لە هۆکارەکانە کە ژنان ڕووبکەنە مادەهۆشبەرەکان و تووشی ئاڵودەبون بن. هەست بەدۆڕاوبوون لە بەربەرەکانێ پیشەیەکان و بەدوای ئەودا هەستکردن بە بێتوانابوون لە گەیشتن بە سەرکەوتن، هەست بە نائەمنیکردن، نایەکسان زانینیی سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە تووڕەیی و بێمتمانەیی لەماڵ، شوێنی کار و قوتابخانە و... هەموو ئەمانە هەم هۆکارن و هەم کاریگەرن لە مەیلی ژنان بەرەو گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان.

کێشە ڕۆحی و دەروونیش لە رووتێکردنی ژنان بە ئاڵودبو و مادە هۆشبەرەکان کاریگەرن. ژنانی مۆعتاد لە بەراورد لەگەڵ ژنانی دیکە بابەت و کێشەی دەروونی زۆرتریان هەیە. دیاریکراوە کە کێشەی خەمۆکی یان دڵەڕاوکێ بەربلاوترین نەخۆشییە لەلای ژنانی گیرۆدەبوو بە مادەهۆشبەرەکان. خوێندنەوەکان نیشانیداوە کەهەڵسوکەوتەکانی وەکوو: خۆکوژی، باوەربەخۆنەبوون و لاوازبوون لەئاست کێشەکان لە ژنانی گیرۆدەبوودا زۆر زۆرترە لە کەسانیتر و تەنانەت زۆرێک لە ژنانی دیکە تووشی کێشەی گەرانەوی خەمۆکی دەبن. توندووتیژی لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە بەشێوازی جۆراوجۆر لە هۆکارە زۆرەکانی دیکەی رووتێکردنی ژنانە لە بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان و هەروەها نەبوونی سیستەمیکی ڕێکوپێکی دەسەڵاتدار لەهەرێمی کوردستان ،چونکە لەمرۆدا بەداخەوە بەشێک لە دەسەڵاتداران و کەسانی عەسکەری فاکتەرێکی بەهێزن بۆ ئاسان دەست کەوتنی ئەو مادە هۆشبەرانە، چونکە ئەو کەسانە هیچ دەسەڵاتێک و یاسایەک لەتوانای دانییە بیان وەستێنێت و ڕێگریان لێبکات بەهۆی بەرزی پلەی وەزیفی لەحیزبدا.

**ڕۆژنامەنووس : شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# یادی ۹ ساڵەی ۱۷ی شوبات هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە و دەرسەکانی!



**نووسینی: نوری بەشیر**

١٧ شوباتی ٢٠٢٠ نۆ ساڵ بەسەر ئەو خرۆشانە جەماوەریە گەورەیەی خەڵکی کوردستاندا تێدەپەڕێت کە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەو گرنگ بوو لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستاندا.

ئەم ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینە جەماوەرییە هەمان هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی هەبوو کە ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی باکوری ئەفریقا لەوانە میسرو تونس هەیبوو. ناوەرۆکی هەموو ئەم ناڕەزایەتیانە لە میسرو تونس و تا دەگاتە کوردستان، فرانبوونەوەی کەلێنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوان دەسەڵات و جەماوەر بوو کە لەلایەک دەسەڵاتەکان کەمایەتیەکی کەم لەسەرانی حزبە بۆرژوا قەومی و ئیسلامییە میلیشیا و سەرمایەداران و دەسەڵاتی بنەماڵەکانیان کەهەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان لەدەستدا بوو، لەولاوە زۆربەی کۆمەڵگە لە کرێکاران و کەمدەرامەتانی کۆمەڵگە لە مامۆستایان و کارمەندان و کاسبکاران و لاوان خراپترین بارودۆخی ژیان و نەبونی و نەداری و سەرکوتیان بەسەر دەبرد.

لەباری سیاسیەوە هەموو دەسەڵات و جومگە سیاسیەکانی کۆمەڵگە هەمووی لەدەست ئەو کەمایەتیەدا بوو وە جێگایەکیشی نەهێشتبووەوە بۆ خەڵک کە بتوانێت بەرگری لە خواست و داواکاریەکانی خۆی بکات، ئەگەر ناڕەزایەتیەکیشیان بکردایە ئەوە بە ئاژاوەگێڕ و دەستێکی لەپشتەوەیە سەرکوت دەکرا.

لەباری کۆمەڵایەتیەوە کەلێنی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران لە ژیانی ڕۆژانەو لە خانووبەرەو لە تازەترین مۆدیلەکانی تەکنەلۆجۆیا و سەفەرو سیاحەت و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە هێندە بەرچاوبوو کە زۆربەری خەڵکی کۆمەڵگەو خێزانەکانیان توشی جۆرەها کێشەی دەرونی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکردەوە. ئەمە وای کردبوو کەکەلێنی نێوان ئەو دوو چینە، چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران و بەرپرسان لەلایەک و چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە ئەرزو ئاسمان بێت، ئەوەبوو لە میسرو تونس دەسەڵاتی چەند ساڵەیان کۆتایی پێهێنا ئەگەرچی نەگەشتنە خواستەکانیان، وە لە کوردستانیش پاشەکشەی پێکرا، بەڵام خواستەکانی خەڵک هەر لەجێی خۆیدایە.

ئێستا کە ٩ ساڵ بەسەر ناڕەزایەتیەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ دا تێدەپەڕێت، هەلومەرجی کوردستان خراپتر بووە باشتر نەبوو، دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی زیاتر شەفاف و ڕۆشنتر و یەکگرتوو تر لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئەو دەورەیەدا حکومەتیان تەشکیل داوەو لەبەرامبەر بە خواستەکانی خەڵک و کوشتارەکانی ١٧ی شوبات و کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و برسیکردن و بێئاو و کارەبایی و بێکاری و چارەکە موچەو بێموچەیی هیچ وەڵامێکیان نییە.

تا ئەو جێگەیەی بە هەلومەرجی ناوچەکە دەگەڕێتەوە لە ٩ هەمین ساڵیادی ١٧ شوباتدا لە درێژەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و وڵاتانی میسر و تونسدا، ئێستا وڵاتەکانی لوبنان، عێراق و ئێران هەمان هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی لەبەرامبەر دەسەڵاتداری حزبە قەومی و ئیسلامیە میلیشیاکاندا هەیەو خەڵک ڕاپەڕینێکی جەسورانەی دەستپێکردووە کە ئەم دەورەیەو ئەم ڕاپەڕینانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە پێشڕەوی و کەموکوڕیدا، هەروەها خاڵی هاوبەشیشان هەیە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکانی کوردستان و میسر و تونسدا.

دوای نۆ ساڵ لە ڕاپەڕینەکانی کوردستان و میسر و تونسدا، ڕاپەڕینەکانی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی ئێستای ناوچەکە و سودانیش چەندین مانگ تێدەپەڕێنێت، کە بەجیا لە وەستانەوە بەرامبەر سیاسەت و دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا قەومی و ئیسلامیە میلیشیاکان لە لوبنان و عێراق و ئێرانداو فشارهێنان لە لوبنان و عێراق بۆ لەسەر کارلابرنی حەریری و عادل عبدولمەهدی، لە سودان لابردنی عومەر حەسەن بەشیرو خەبەری دادگاییکردنی بەفراوانی میدیاکانی دنیای گرتۆتەوە هەر ئەم ڕۆژانەدا، بەڵام هێشتا نەگەشتووە بەو داواکاریانەی کەبۆی هاتنەمەیدان.

هاوکات ئەو ڕاپەڕینانەی ناوچەکە خاڵی هاوبەشیان هەیە بەدژی دەستێوەردانی ئێران و ئەمریکا لەناوچەکەدا و لە وڵاتەکانیاندا بەتایبەت دەستێوەردانی ئێران لەعێراق، سوریا، لوبنان، یەمەن و کوردستاندا، وەک هێزێکی ئیسلامی کۆنەپەرست و دژی ئینسانی لەناوچەکەدا مۆری کۆنەپەرستی و کوشتوبڕی خۆی لەناوچەکە داوە و هێزە کۆنەپەرستە قەومی و ئیسلامیەکانی لەدەوری خۆی سازداوە.

بۆیە بزتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆ بەدژی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە ڕاستەوخۆ دژایەتیە بەرامبەر بە جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەمەریکا کە هەریەکەیان لەگۆشەیەکەوە بوونەتە چەتری پارێزگاری لەو هێزە میلیشیا دژی کرێکاریی و جەماوەریانەی ئەو وڵاتانە.

خۆپیشاندانی ئەمڕۆ ١٣ی شوباتی عێراق و هاتنەمەیدانی ڕیزی فراوانی ژنان و داواکاری مافەکانی ژنان و دەستورێکی عەلمانی، هەم ئەم ڕاپەڕینانەو هەم ئەم هاتنەمەیدانەی ژنان نیشانەی دەوریەکی تازەیە لەژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی سەرجەم

بۆ لاپەڕە 15



# ئاراستەیەکی تر لە نێوان کەناڵی »ڕووداو« و »مەریوانی هەڵەبجەیی« دا سەبارەت بە ئاییندەی ئیسلام؟!!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

لە یەکێ لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ڕووداودا ئاماژە بەوە کرا کە ئاییندە بۆ ئیسلام دەبێت. مەریوان هەڵەبجەیی وەک مولحیدێک وەڵامی ئەم پروپاگەندەی دایەوە. دیارە کەناڵی ڕووداو هەر لە خۆوە ئەم پێشبینییەی نەکرد بەڵگەیەکی خستە ڕوو ئەویش توێژینەوەی سەنتەرێکی ئەمەریکی بوو کە پێی وایە ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا و لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە مەسیحیەکان زیاتر دەبێت. دیارە زیاتر مەبەستی سەنتەرەکە زیاد بوونەکە لە ڕووی بیلۆگرافیایە واتە ژمارەی دانیشتوان نەک باوەڕهێنان بە ئیسلام بە پێی ئەسڵی سەرچاوەکە. بە هەر حاڵ دەبێ ئەوە بزانین ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە و پڕوپاگەندانە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوەیە هیچ بنەمایەکی ماددی و زانستی نییە. لە هەمان کاتدا مەریوان هەڵەبجەیی نەیتوانی لەسەر ئەم بنەما ماددی و زانستیە وە هەروەها نەیتوانی وەک بەشێک لە پروپاگەندەی چینی سەرمایەدار و پێداویستیەکانی ئەم چینەوە ڕەخنەکانی ئاراستەی بەرنامەکی کەناڵی »ڕووداو «بکات. ئەو تەنها وەک ڕەخنەگرێک لە ئیسلام خۆی نیشانداو وە هەوڵی دەدا پێشکەشکاری بەرنامەکەی ڕووداو بە نەزان و نەخوێندەوار نیشان بداو ڕیسوای بکا بێئەوەی کەناڵی ڕووداو وەک میدیایەکی بورژوازی و دەهۆڵ لێدەری سیستەمی سەرمایەداری بخاتە ڕوو.

مەریوان هەڵەبجەیی نەیتوانی هۆکارە ماددییەکان بۆ سەرهەڵدانی ئیسلام و ئاییندەی بخاتە ڕوو.

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی خەلافەتەکانی ئیسلام بدەینەوە کە لە سەردەمێکدا توانیویانە بوونیان هەبێ کە زەمینەی ماددی و زیهنی لە پشتیان بووە، کۆمەڵگە لەژێر ڕکێفی ئابوریەکی فیوداڵیدا بووە. زانست و تەکنەلۆجیا ئەو زەمینە ماددیەی گۆڕی زۆر نهێنی سروشت بە دەرکەوتن، هۆشیاری خەڵک زیادی کرد ئیتر زەمینەی ماددی و زیهنی نەما بۆ خەلافەتەکان و هیچیان نەمان، لە سەردەمێکا کە نیوەی جیهانیان لە بن دەستدا بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند زەمینەی ماددی و زیهنی خەلک وەک سەردەمەکانی پێشوو لەبار نییە، بەڵام سەرمایەداری بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی دیسانەوە پێویستییان بە ئایین هەیە بۆ بەردەوامی خۆیان لە سەر دەسەڵات. بەتایبەتی ئیسلام لەهەموو دینەکان کاراترە لەم پێناوەدا، چونکە جێگای ژیانی خەڵکی سەر بەم دینە ئەو چواچێوە جوگرافیەیە کە بازاڕێکی باشە بۆی، بەهۆیەوە دەتوانێ کاری هەرزانی دەست بکەوێ و دەتوانێ دەست بەسەر سامانی پڕ بەرەکەتیدا بگرێ و بیکاتە بازارڕ بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانی و ساغ کردنەوەی چەک و تەقەمەنیەکانی خۆی. ئایینی ئیسلام بە تایبەت بەشە سەلەفیەکەی نەک هیچ گرفتێکی بۆ دروست ناکا، بەڵکو باشترین یارمەتیدەری دەبێت، چونکە خەڵک بێ هۆش و کوێر و نامۆ دەکا و ناهێڵێ خەڵک ناڕازی بن لە بەرانبەر سەماریەداریدا. بۆیە ئەمەریکا و سەرمایەداری چەندین گروپ و تاقمی چەکداری لێ دروست کردن. پاش ئەوەی سەرمایەداری ئەم تاکتیکەی بۆ باش نەبوو ئێستا دەیەوێ تاکتیکێکی تر بۆ هەمان ئامانج بە کاربێنێ ئەویش پڕوپاگەندەو بە یاساییکردنی فرە کەڵتوریە. بەڵام تا زانست و تەکنەلۆجیا زیاتر پێش بکەوێ زەمینە ماددی و زیهنیەکانیش دەگۆڕێن، لەم تاکتیکەش شکست دەخواو قەیرانەکانی قوڵتر دەبنەوە تا سەردەمێک دێتە پێشەوە سەری خۆشی دەخوات وەک مارکس وتی سەرمایەداری گۆڕهەڵکەنی خۆشیەتی.

بۆچوونی من لەسەر ئەم کەناڵە ئەوەیە لەو ماوەیەدا پروپاگەندەکانی بۆ خورافاتی ئیسلامی زۆر زیادی کردوە بە مەبەستی دەربازکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی لە قەیرانەکانی، ڕووداو دەبێتە هاوسەنگەری مەلا مەزهەر بۆ فرەژنی و زۆر نموونەی تر. بۆ دۆزینەوەی ڕاستی پرپاگەندەگانی میدیای ڕووداو کە ئایا ئاییندە بۆ ئیسلام دەبێت، بۆئەوەی بزانین ڕووداو و ئەو سەنتەرە ئەمەریکیە و ئەم پروپاگەندەیەی دەیکەن یا نا ئاورێک لە حوکم و پرەنسیبەکانی ئیسلام بدەینەوە تابزانین چەند سەختە مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەش بتوانن باوەڕی پێبێنن و بە کردەوە جێبەجێی بکەن، نەک لە ئاییندەشدا کە زانست و تەکنۆلۆجیا زیاتر و بە خێراتر دەچێتە پێش.

با بزانین هیچ کەس هەیە کە بتوانێ هەموو حوکمەکانی ئیسلام جێبەجێ بکات لەم سەردەمەدا.

بۆ نمونە تۆ ناتوانی بە خۆت بڵێی ئیسلامم:

١- ئەگەر هاتنە داوای کچە ٩ ساڵەکەت بۆ پیاوێکی ٥٥ ڕازی نەبیت.

٢ -ئەگەر کوڕی یاکچ پەیوەندی خۆشەویستی ئەنجام بدەی. بەتایبەتی پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ ناموسڵماندا ئەنجام بدەی .

٣ -ئەگەر کچەکەت لەگەڵ کوڕێک پەیوەندی خۆشەویستی گرت و لێی قبوڵ بکەی یا نەیکوژی یا ئەگەر ڕازی نەبیت بیگرن و لەبەرچاوتەوە بە بەرد بیکوژن.

٤-ئەگەر دایک و خوشک و ژنەکەت سفور بن بۆن لە خۆیان بدەن و برۆیان بکەن مەکیاج بکەن.

٥ -ئەگەرپێت بڵێن تۆی ژن کەم عەقلیت ولەڕیزی کەرو سەگدای یا تۆ فیتنەی بۆ پیاو یا پێت بڵێن تۆ ئیشت خزمەتکردنی مێردومنداڵە و تۆ بۆ ئارەزوەکانی پیاو دروست کراوی و نابێ بەبێ پیاو بچیتە دەرەوەو بچیتە ناو تاکسی وپاس ئەگەر تۆ دژی ئەمانە بیت.

٦ -ئەگەر پیاو بیت یا ژن باوەڕت بە فرە ژنی نەبێت.

٧ -ئەگەر پیاوەکەت بڵێ ٣ ژنی تر دەهێنم یا هەر پرست پێ نەکا ژنی تر بێنێ ئەگەر ڕازی نەبیت.

٨-ئەگەر مێردەکەت چوو بۆ سەفەر لەگەڵ ژنی تر زەواجی موتعە بکات، لەگەڵ چەند ژنی تر جووت بووبێت تۆش بەمە بزانیت ئەگەر ناڕازی بیت..

٩ -ئەگەر پیاوەکەت هاوسەرگیری سیغەی کرد و یا ژنی کەنیزەکی هێنایەوە بۆ ماڵەوە تۆی ژن ئەگەر ناڕازی بیت.

١٠-ئەگەر دڵی پیاوەکەت شکاند و تۆ مەیلت نەبوو جووت بیت لەگەڵیدا هەرچەندە تۆ ماندوو بیت یا هەر هۆیەک وا لە تۆ بکات مەیلت بۆی نەبێت.

١١ -ئەگەر لە کاتی دابەشکردنی میراتدا تۆی ژن ڕازی نەبیت نیوەی براکەت بدەنێ یا لە دادگا بە شاهیدت وەرنەگرن ئەگەر ناڕازی بیت لەوە.

١٢ -ئەگەر پیاوەکەت لێی دای و هەمیشە لێدان بەکار بهێنێ لە بەرانبەر تۆی ژن دا بەوە ڕازی نەبووی .

١٣ -ئەگەر هەژار بیت نەتوانی بچی بۆ حەج و عەمرە و نەتوانی خێرو سەدەقە بکەی و زەکات و سەرفیترە بدەی.

١٤-ئەگەر کاری بەکرێ یا هەر کارێ بکەیت بە تایبەت لەم سەردەمەدا کارەکان سەخت و تاقەت پڕوکێنن لەوانەیە نەتوانی ٥ فەرزە کە لە کاتی خۆیدا نوێژ بکەی و ٣٠ ڕۆژیش بە ڕۆژوو بیت.

١٥-ئەگەر تۆ لەگەڵ خەڵکی تر کار بکەیت و موسڵمان نەبن یا نزیک و دراوسێ بیت لەگەڵ مشرکین و نەصارا و جولەکە و مولحید و هیندۆس و بودی و کۆمۆنیست و دینەکانی تر.

١٦-ئەگەر گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگریت و بچیتە سینەماو شانۆ و پیشانگای وێنەو موزەخانە وئاهەنگ و هەڵپەرکێ و سەما بکەی ئەگەر یادی لە دایک بوون بۆ منداڵەکانت بکەیتەوە.

١٦ -ئەگەر وێنە و ڤیدیۆ بگری و وێنە و تابلۆو پەیکەر لە ماڵەکەتدا بێت.

١٨-ئەگەر پێویستیت بەبڕە پارەیەک بێت و قەرزی بکەی لە بانک سوو بدەی بە بانک..

١٩-ئەگەر تۆ باوەڕت بە سزای ئیعدام و کوشتن و سەربڕین و دەست و قاچ بڕین نەبێت.

٢٠-ئەگەر تۆ باوەڕت بە جیهاد نەبێت لەکاتی پێویستدا نەڕۆی خۆت بە کوشت بدەی خەڵکی سیڤیلی کافرەکان بکوژی.

٢١-ئەگەر باوەڕت بە دوعا نەبێت و هەر نەخۆش بکەوی و بچیتە دوکتۆرو نەخۆشخانە ودەرمان و دەرزی بە کار بهێنیت ئەگەر نەڵێی مردن هەر بە دەستی خوایە و ڕۆژی مردنت بۆ نوسراوە.

٢٢-ئەگەر کۆمەک و یارمەتی و سۆشیال و پارەی کەمئەندامی وەرگریت هەرچەندە ئەو پارەیە لە دەوڵەتەوە بۆت دێ، بەڵام بەشێکی زۆری باجی کۆکراوەی دیسکۆکان وباڕەکان و شوێنەکانی قومارکردن و...هتد . بە تایبەت بۆ ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین.

٢٣ -ئەگەر نەخۆش بیت لەوانەیە پێویستیت بە فەحس بێت، ئەگەر قبوڵ بکەی دوکتۆرەکەت هاوڕەگەزی خۆت نەبێت یا لە دینێکی تر وە یابێ دین بێت..

٢٤-ئەگەر مەشروب بخۆیتەوە یا جگەرە بکێشی ئەگەر گۆشتی بەرازو گۆشتی حەرام بخۆی.

٢٥ -ئەگەر فەرزەکانی ئیسلام جێبەجێ نەکەیت..

٢٦ -ئەگەر منداڵەکانت نەخستە سەر ئایینی ئیسلام و مێشکی ناسکی ئەوانت پڕ نەکرد لەترسی عەزابی قەبرو ماروددووپشک و ئاگری دۆزەخ.

٢٧ -ئەگەر تۆ باوەڕت بەو زانستانە بێت کە ئیسلام ڕەد دەکەنەوە وەک ئەوەی زەوی خڕە و بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. ..

٢٨ -زۆر پرەنسیب و ئەحکامی تر........

تۆ وەک موسڵمانێک لەوانەیە چەند خاڵێک لەوخاڵانە بە عەقل و بە کردەوە بتوانی پەسەند بکەی، بەڵام نەک هەموویان جا ئەگەر هەمووت پەسەند نەبن ئیتر تۆ ئیسلام نیت، لەسەر ئەم بنەمایانە پێم وایە لە ٠/٠٩٩ ی موسڵمانان ئیسلام نین. بۆیە ناکرێ بووترێت لە جیهاندا یەک ملیارو نیو ئیسلام هەیە. ئەم حوکمە من نایدەم ئەوە ناوەڕۆک و حوکمی شەریعەی ئیسلام دەیدات.

خەڵک لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا هەرگیز بۆی ناکرێ هەموو ئەو حوکمانە بەعەقل و بەکردەوە قبوڵ بکا، لەوانەیە چەندین حوکمی تریش هەبن نەتوانن باوەڕی پێبێنن و بە کردەوە ئەنجامی بدەن. هەر لەم سەردەمەدا ڕێژەی پەشیمان بوونەوە لە ئیسلام زۆر زیادی کردوە بە تایبەت ئەوانەی ڕوویان لە ئەوروپا کردوە یا دەبنە مولحید یا مەسیحی یا زەردەشتی. ئەگەر ئازادی لەو وڵاتانەش کە ئیسلام تێدا زۆرینەیە هەبێت دڵنیام ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی وازدەهێنن. بەڵگەش بۆ ئەمە کوڕو نەوەی پیاوانی ئایینیە کە لەدەرەوەی ولات دەژین، هۆکارەکەش پرەنسیب و ئەحکامەکانی ئیسلامە کە لەگەڵ ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتیەکاندا نایەتەوە، تا ئەم پێشکەوتنە بەردەوام بێت ئاییندە نە بۆ ئیسلامەو نە بۆ هیچ ئایینێکی تر ..

بۆ لاپەڕە 15



# چاوپێکەوتنی "بۆپێشەوە" لەگەڵ مزەفەری محمدی لە ڕابەرایەتی حیزبی حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی، سەبارەت بە لێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی و گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران...

## بەشی یەکەم

**.تێبینی: وەڵامی ئەو پرسیارانە بەزمانی فارسی گەیشتبووە دەستی بۆپێشەوە، بەسوپاسەوە هەردوو هاوڕێ مستەفا یونسی و سەردار عەبدوڵا ئەرکی وەرگێرانەکەیان خستە ئەستۆ خۆیان. لێرەوە جارێکی تر سوپاسی ماندووبوون و هاوکاریان دەکەین.**

**بۆپێشەوە: بۆچی قاسم سلیمانی بوو بە ئامانجی هێرشی ئەمریکا و کوژرا؟ بۆچی لەم کات وساتە دیاریکراوە دا؟**

**مزەفەر ی محمدی:** دەوڵەتی ترامپ دەیەوێ لە کۆتاییدا بە ئامانجێکی خۆی بگات بۆیە لە هەوڵی داسەپاندنی گەمارۆیەکی فراوانە بۆ ڕاوکردن و ملدانی جمهوری اسلامی و یا خۆیان وتەنی بۆ گۆڕینی کردەوەکانی و پەیوەست بوونیەتی بە هێزی بورژوازی جیهانی و مل دانیەتی بە جێبەجێ کردنی یاساکانی، بە ناوی فشاردانانی زیاتر لەسەری .، هاوکاتیش ڕایگەیاند کە نایەوێ ئەو ڕژێمەکە بگۆڕێت .

جمهوری ئیسلامیش کە لەم چەند ساڵەدا بووەتە هێزێکی ناوچەیی تا ئێستا ملی بەم فشارانە نەداوە. ڕاگرتنی بەشار ئەسد و پێکهێنانی هێزی فاطمیون لەئاوارەکانی خەڵکی ئەفغانستان کە لەئێراندا کۆیلە و برسین و ناردنیان بۆ سوریا، پێک هێنانی دەوڵەتێکی وابەستە بە خۆیان و بەهێزی گوشاری میلیشیای شیعەو هێزە چەکدارەکانی دیکەی نوێنەریان، کردنی حزب الله لە لبنان بەبەشێکی گرنگ لە دەسەڵات، بەهێزکردن و چەکدارکردنی حوثیەکانی یەمەن، هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن حەشدی شەعبیەوە کە بەشێکن لە سوپای قودس بەمەبەستی دژایەتی لەگەڵ ڕیفراندوم و ڕای گشتی بۆجیابونەوەو داگیرکردنی کەرکوک و خانقین و یەک لەسەر سێی کوردستان ...، هەموو ئەمانە نیشاندەری جێگە و ڕێگای ئێستای جمهوری ئیسلامیە. ئەم جێگە و ڕێگایەش بووەتە مایەی کوشتوکوشتار لەم وڵاتانەدا و نزیکەی 60 ملیۆن ئێرانی تووشی هەژاری و بێدەرەتانییەکی لەڕادەبەدەر کردووە .

ئەم جێگاو ڕێگایەی ئێران بۆ دەوڵەتی ملهوری ئەمریکایەک کە عێراقی داگیرکردوە، کەپێی وابوو ئەم وڵاتە دەبێت خۆی بە تەنها تیایدا باڵادەست بێ، بۆیە جێی قەبوڵکردن نەبوە بۆی، بەڵام هەوڵ و تەقەلاکانی دژ بە جمهوری اسلامی بێ ئاکام مابونەوە. لەم کات وساتەشدا هێرشی بەردەوامی جمهوری ئیسلامی و هێزە پاشکۆکانی بۆ سەر کۆمپیانیای ئارامکۆ لە عەربستانی سعودیە، بەردانەوە ی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەی ئەمریکا، کوژرانی ئەمریکایەک لە ناوچەی کەرکوک و هێرش بۆسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لەبە غدا، بوونە بیانوویەک تاقەرەبووی ئەو زیانانەی کەلێی کەوتبوو بکاتەوە. وەڵامەکەشی بە کوشتنی قاسم سلێمانی داوە. ئەم وەڵامە یانی گورزێکی زۆر کاریگەر و چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ جمهوری ئیسلامی.

**بۆپێشەوە: ئەم جۆرە کوشتنە لەلایەن فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و لە ناوشاردا ڕووداوێکی تازەیە. ئایا ئەمە تیرۆریزمێکی ئاشکرا نییە؟ ئایا ئەم جۆرە کوشتنەی نەیارەکان لەلایەن دەوڵەتەکانە وە نابێتە ڕەوتێکی نۆرماڵ بۆ کوشتنی بەڕێوەبەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوە کرێکاری و کۆمەڵایەتیەکان و بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسیەکان؟**

**مزەفەری محمدی:** ڕاستیەکەی من لەگەڵ ئەم جۆرە جیا جیاکردنەوەو پۆلاڕیزەکردنەی تیرۆر، کوشتن، جەنگی کورت خایەن و شتی لەم جۆرەدا نیم کە ئەمڕۆ لە ناوچەیەکی پڕ لە قەیران و میلیتاریزەکراوی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە

لەم ڕۆژانەدا توێژەرەوەو پسپۆڕەکانی بۆرژوازی پرسیارو قسە و باسی ئەوە دەکەن کە ئایا کوشتنی سلیمانی کوشتن بوو یان تیرۆر وە یان هاویشتنی مووشەکەکان شەڕێکی کاتیە یان شەڕێکی تەواوە و شتی ئاوا. ئەوەی کە بەشێک لەبەشەکانی بورژوازی جیهانی و توێژەرەوەکانی وتیان کوشتنی سلیمانی لە وڵاتێکی تردا تیرۆرە و دژی یاسا نێونەتەوەییەکان و لەبەرچاونەگرتنی دەسەڵاتی وڵاتێکی وەک عێراقە، خۆی جگە لە دووڕوویی و ماسک پۆشین هیچی تر نییە. ئەوە نیشان دەدەن کە بورژوازی زۆر پێشکە وتووەو مولزەمە بە یاساکان و ئە م ڕووداوەش شتێکی تازە بووە بۆی. کام یاسا؟ کام بنەما؟ لەلای ئەوان ئەگەر سلیمانی لە شەڕدا کوژرابا ئاسایی بوو، بەڵام تیرۆرکردنی کارێکی ناپەسەندە، چونکە هیچیان شەڕو داگیرکەری و میلیتاریزمیان لەلایان ئاساییەو هەرکات پێیان خۆش بوو دەستی بۆ دەبەن.

لەپاش جەنگی کەنداو و داگیرکردنی ئەفغانستان، عێراق، سوریا و لیبیا لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان، لەپێناو داگیرکردن و دەست بەسەر داگرتنی بازاڕو سەروەت و سامانی ئەم وڵاتانە، شەڕو میلیتاریزمێکی ئاشکراو بەربڵاویان دەست پێکردووە. تیرۆر بەشێک لەم شەڕەیە کە دەیان ساڵە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی قەیراناوی و میلیتاریزەکراودا دەستی پێکراوە. دەوڵەتە بورژواییەکان بەڕواڵەت بەرگریکار لە یاسا نێودەوڵەتیەکانن خۆیان بەرپرسی ئەو تاوانەن، بەڵام کوژرانی سەرکردەیەکی سەربازی ئێران ئەوان دەخاتەوە بیری یاسا و لەئاستی نیودوڵەتیدا هەراوهۆریایەکیان دروستکردوە لەسەر ئەوەی ئایا ئەمە کارێکی تیرۆریستیە یا نا ئەگەر تیرۆرە سەرکۆنە دەکرێ و ئەگەریش قەتڵە ڕەنگە مانایەکی دیکەی بۆ داتاشن. ئەمە یەک دووڕوویی و شەرمێکی ئاشکراو کارێکی ناتەندروستە.

لە ڕوانگەی قازانجی بورژوازی ئەمپریالیست و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، ئەمریکا دەتوانێ چەند میلیۆن خەڵکی عێراق تووشی ڕۆژڕەشی بکا و بیانکوژێ، سەرگەردانیان بکات و بیانکاتە دیلی بەردەستی هێزە قەومی و مەزهەبی و میلیشیا بە کریگیراوەکان. جمهوری ئیسلامی دەتوانێ بەیارمەتی حەشدی شەعبی، کە بەشێکە لە سوپای قودس، هەزاران کەس لەشەقامەکانی بەغدا و بەسرە و کەربەلا بداتە بەر گوللە، ئەمانە هیچ نین، بەڵام کوژرانی قاسم سلیمانی لە هەموو لایەکەوە دەبێتە هۆی هەراوهۆریای و بیرکەوتنەوەی یاسا و بنەما نێونەتەوەییەکان کە ئایا ئەمە تیرورە یان دەبێ ناوێکی تری لێ بنێن. ئەمە درۆو ڕیاکاریەکی زۆر ئاشکراو قێزەونە.

کێشە لەسەر ئەوەی کەئەمە تیرۆرە یان نا خۆڵکردنە چاوی خەڵکیە. دەوڵەتی تیروریستی جمهوری ئیسلامی ئینسانکوژێک دەکاتە قارەمان کە گوایە مەزڵومانە بەدەستی ئەمریکا تیرۆر کراوە، نەک لەشەڕێکی میلیتاریستیدا کەخۆی لەم ناوچەیەدا بناغەکەی داناوە. ئەمانە ئەم کارانە دەکەن بۆئەوەی شان خاڵی کردنەوەیان لە وەڵامدانەوە بۆ ئەم هەموو تاوان و شەڕەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامیان داوە و جمهوری ئیسلامیش خۆی بەشێک لەم ئینسانکوژیەیە بێتاوان دەری بکەن.

دەڵێن جمهوری ئیسلامی و قاسم سلیمانی لە دژی تیرۆریزم لەم ناوچەیەدا و لەدژی داعش شەڕی کردووە. لەحالێکدا هێشتاش بنەماڵەی بن لادن و ڕابەرانی تالیبان لە تاران دەژین. چۆن دەکرێ و مومکینە جمهوری ئیسلامی بەلایەک جێگەیەکی ئارام بێت بۆ تیرۆیستەکانی القاعدە و تالیبان و ئەوانی تر و لەلایەکی دیکەش لەگەڵ تیرۆریزمی داعش بەجیددی شەڕ بکات؟ شەڕی جمهوری ئیسلامی لەدژی داعش نەک لەبەر تیروریست بوونیەتی، بەڵکو بەهۆی سەرهەڵدانی هێزێکی نەیاری خۆی و هێزێکی تازە لەدژی دەسەڵات و حوزوری خۆی لە ناوچەکەدا بوو. دەوڵەتی ئەمریکاش، کەخۆی لەدامەزراندنی داعشدا دەستی هەبوو، نە بەهۆی شەڕلە دژی تیروریزمدا، بەڵکو بەهۆی سەرهەڵدانی ئەم هێزە لەدژی بەرژە وەندی خۆی لە عێراقدا و بۆ پاراستنی هەژموون و دەستێوەردانی لە عێراق و سوریادا شەڕی لەدژی داعش ئەنجامدا. ئەگەر داعش دەسەڵاتی سوریای ڕووخاندباو لە عێراقیش دەستی بەسەر بەغدادا داگرتبا یەکەم دە وڵەتێک کە بە ڕەسمی دەیناسی ئەمریکا دەبوو. مەگەر لە نێوان داعش و تالیباندا جیاوازییەک هەیە؟

دونیای پێشکەوتوو نابێ شەڕ لەدژی داعش وەک هەنگاوێکی باش و بەنرخ لەلایەن دەوڵەتەکانی بەشدار لەم شەڕەدا، لە ئەمریکاوە بیگرە هەتا ئێران و ناتۆ روسیا و ... بناسێ و میدالیای بەرگری لە هێمنی ناوچەو دونیا بەسەرسینگی ئەواندا هەڵبواسێ. ئەمانە خۆیان دامەزرێنەرو یاریدەری سەرهەڵدانی تیرۆریستەکانی القاعدە، تالیبان، داعش، النصرە، هێزی ڕزگارکەری سوریای دەسکردی تورکیا، انصارالله، جیهادی ئیسلامی و حزب الله و ... بوون وە هەن .

سەرەرای ئەمە، جمهوری ئیسلامی لەساڵەکانی یەکەمی سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێراندا و لە هەشتاکاندا تەنیا لە سی ڕوژدا زیاتر لە 5000 کەسیان کوشت. لەوکاتەوە تائێستا زیاتر لە 20 هەزار کەسیان ئیعدام کردووە و زۆر زیاتریش لەوەی لەزیندانەکاندا ڕاگرتووە و بەدیلی گرتوون. ناوی ئەمە دەنێن چی؟ ئیعدام؟ شەڕ؟ تیرۆر؟ قەتل؟ یا چیتر؟

ئەم جۆرە ناونانە لە ڕواڵەتدا لایەنێک بێتاوان دەکات و لایەنەکەی دیکەش تاوانبار. کوشتن و قەتڵی بە کومەڵی خەڵکی ڕاپەریو بۆ بورژوازی دەسەڵاتدار لەهەموو وڵاتێک ئاساییە، بەڵام کوژرانی قاسم سلیمانی سەرکۆنە دەکرێت. ئەمە واژوکردن و بێبایەخ کردنی ڕاستیەکانی شەڕێکی چینایەتییە. ئیعدام و قەتل و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندان و ئەشکەنجە بەشێک لەم شەڕەیە. لە حالێکدا نەک تەنها شەڕ وکوشتنی بە ئاشکرای خە ڵکی لە دژی ئینسانیەتە، بەلکو تەنانەت ئەشکەنجەی یەک ئینسانیش تیرۆری کەسایەتی ئەوە. ئازاردانی یەک ژن بەهۆی وەلانانی حیجاب یان خۆشویستنی کوڕێک خۆی تیرۆری کە سایەتی ئەوە. بەزور دانپێدانان بەدیل لەزیندانەکاندا تیرۆری کەسایەتی ئەم کەسانەیە. برسێتی و بێکاری و بێدەرەتان کردنی ئینسان لە هەبوونی ژیانێکی ئینسانی و باش و ئازاد، تیرۆری کەسایەتییە. هەموو ئەمانە شەڕێکی تە واو چینایەتییە. کەسێک ئەمە قبوڵ نەکات، کێشە ئەسڵیەکان تێ ناگا.

ئێوە لە پرسیارەکەتاندا کوشتنی قاسم سلیمانی بە تیرۆر و ڕووداوێکی نوێ ناوبرد کە ڕەنگە ببێتە ڕێوشوێنێکی نوێ و دەوڵەتەکان لە دژی نەیارانی خویان و هەڵسوراوانی سیاسی و خەڵکی حە قخواز بەکاری بێنن. بەڵام ئەمە نەیەکەم جارو نە دوایین تیرۆری مێژووی میلیتاریزم و شەڕو تیرۆریزمی دەوڵەتی لە جیهاندایە. ئەمەش بەشێک لە سیاسەتی لە مێژینە و هەمیشەیی بورژوازی نیونەتەوەییە چ لە کێشە ناوخۆییەکانیاندا و چ بەتایبەتی لە هەڵسوکەوتیان لە دژی خە ڵک بووە .

لە ئەمریکا مارتین لوترکینگ ڕابەری بزووتنەوەی دژی قەوم پەرستی، جان اف کندی سەرۆک کۆمار و زۆرێک لەڕابەڕانی نەقابە کرێکاریەکانیان تیرۆر کرد. لەسوید ئولاف پالمەی سوشیالیست و سەرۆک وەزیریان تیرۆر کرد. دەوڵەتی سعودیە نەیارو رەخنەگری ناسراوی خۆی، خاشقچی، کوشت وە لەت لەتیان کرد.

ئەم جۆرە ڕووداوانە زۆرجار لەلایەن دەوڵەتی ئیسراییل لە دژی خەڵکی فەلەستین و غەزە دەستی بۆ بردراوە. ڕابەرانی حەماس لە ماڵەکانی خۆیاندا ولەگەڵ ژن و منالیاندا لە شارو گەڕەکی خۆیاندا کەوتوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستی. دەوڵەتی ئەمریکا بۆ تیرۆری فیدل کاسترۆ سەدان پلانی داڕشت و سەر نەکەوت. ئوجالانیان لە وڵاتێکی دیکە لە ناو فڕۆکەدا بە دیل گرت. بن لادنیان لەماڵەکەی خۆیدا کوشت. ئەوەی کە کەسێکی وەک بن لادن حەقی بوو بکوژرێت جیاوازیەکی ئەوتۆ لە کێشەکە داناکات.

شەڕو تیروریزمی جمهوری ئیسلامیش کە بۆ هەموو کەس ناسراوە. جمهوری ئیسلامی دەیان کەسی نەیاری خۆی لە ئەوروپادا تیرۆر کردووە، قاسملۆیان لە ڕستورانێکی ناو...

بۆ لاپەڕە 15



# عوسمانی حاجی مارف: دەسەڵاتی سیاسی عێراق ناشرینترین نمونەی تاڵانکاری و جەردەیی و دڕندەیی و دژی مرۆڤایەتیان نیشانداوە، مافیا ئاسا دەستیان بەسەر تەواوی سەروەت و سامانی عێراقدا گرتووە و لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن...

## دیمانە لەگەڵ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بەرۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی عێراقدا..

**بۆپێشەوە: بەشێوەیەکی گشتی لەناو خرۆشانە جەماوەرییەکانی مەیدانی ئازادی بەغداو شارەکانی خواروی عێراقدا ئەوە دەبینرێت کە خۆپیشاندەران زۆر هەستیارن بەرامبەر بە دەوری حزبە دەسەڵاتدارەکان و نەفرەتیان لێ دەکەن، ئەم ڕقوکینەیە بەرامبەر بەو حزبانە لە ئاستێکدایە تا ڕێگا نەدەن بەناوی هیچ حزبێکەوە کە لەدەرەوەی حزبە دەسەڵاتدارەکانیشدا بێت هەڵسورانی سیاسی بکرێت، ئەم دیاردەیە بۆچی دەگەڕێتەوە.؟**

**عوسمان حاجی مارف:** وێنەیەک لەدەسەڵاتی سیاسی کە خەڵکی عێراق بەدوای داگیرکاری ئەمریکاو ڕوخانی حکومەتی بەعس بەرەوڕووی بۆتەوە، نمونەیەکە لە هێزو حزبی میلیشیای تائفی و قەومی کە ناشرینترین نمونەی تاڵانکاری و جەردەیی و دڕندەیی و دژی مرۆڤایەتیان نیشانداوە، مافیا ئاسا دەستیان بەسەر تەواوی سەروەت و سامانی عێراقدا گرتووە و لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن، لەماوەی پانزە ساڵ دەسەڵاتدارێتی قێزەونترین نمونەی حوکمرانی و دەسەڵاتی سیاسیان بەرجەستەکردووە، دامودەزگا حکومیەکانیان لە پەرلەمان و وەزارەتەکان و سەرەک کۆمار و سەرۆک وەزیران جگە لە بازاڕی بازرگانی و سەوداو مامەڵەو قاچاخچێتی و داگیرکردنی چاڵە نەوتەکان و ئیمتیازدان و بەخشینەوەی پارە بە کەسایەتیەکانیان شتێکی تر نەبووە.

لە ماوەی پانزە ساڵدا دیاردەی حزب و مافیا، حزب و تاڵانچی و جەردەیی، حزب و باندی ترۆریست، حزب و هێزی چەکداری چەتەو باندی خەڵک ڕفاندن و خەڵک ڕوتکردنەوە.. یەک هەیکەلە و یەک مانایان پەیداکردوە، تەواوی کارەسات و دەردی سەری و ستەم و شەڕی تائفی و قەومی لەسایەی دەسەڵاتی حزبە تائیفیەکانی شیعەو سونیدا ژیانی تەواوی دانیشتوانی عێراقی داگیرکردووە، حزبایەتی بۆ کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش مۆتەکەو هەژاری و برسیەتی و بێکارییە، بۆ بەرپرسە حزبیەکان کەڵەکەی بێشوماری سەرمایە و پڕکردنی بانکە جیهانیەکان و ڕابواردن و ژیانی فرعەونی و شاهانەیە.

پانزە ساڵە زۆرینەی دانیشتونی عێراق سەرما و گەرما لە بێ کارەبایی و نەبونی سوتەمەنیدا دەچێژن، پانزە ساڵە بە نەبونی ئاو و پێداویستیەکانی ژیان و ژینگەیەکی ناخاوێن و چەپەڵدا کە شایستەی ئینسان نییە ژیان بەسەر دەبەن، نەبونی خزمەتگوزاری و پێداویستی پزیشکی هۆکاری بڵاوبونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندەیە، بەجیا لە کارەساتی شەڕی دڕندانەی نێوان ئەو حزب و لایەنانە لە نێوان خۆیاندا و بەزۆر سەپاندنی لەناو شوێنی ژیانی دانیشتواندا و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بێتاوان.

حزب بەلای خەڵکی تورەو ناڕازی عێراقەوە کابوس و بەڵایەکە دەیانەوێت بە هەرقیمەت لە خەباتی جەماوەری خۆیاندا توری هەڵدەن و دووری خەنەوە. بۆیە بەهەر ئاستێک لە مەزنی و شکۆی ئەم خرۆشانە جەماوەریەی ئێستای خەڵکی عێراق کە نیشانەی ئومێدی ئاڵوگۆڕێکی جدیە، هەروا سادە نییە ئەم وێنا نەرێنیەی هەیانە لەسەر حزب بە ئاسانی تێ پەڕێندرێت، بە تایبەتی لەماوەی ئەو پانزە ساڵەدا نمونەی حزبێک کە پێچەوانەی ئاراستەی مافیایی و جەردەیی و تاڵانچی بێت و وەک هێزێک جێگای ئومێد نیشاندانی ڕزگاری خەڵک بێت لەو هەموو محنەت و کارەساتانەدا، بەداخەوە کە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا نەیتوانی دەرکەوێت و دەور بگێرێت.

جێگای خۆیەتی نمونەی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق بهێنینەوە کە مێژوویەکی پرشنگدار لە خەباتی دژی دەسەڵاتی بەعسی هەیەو، لە هەمان کاتدا لە تەواوی پانزە ساڵی دوای تێکڕمانی دەسەڵاتی بەعسدا وێنەی حزبێکی ئینسانی و خاوەنی بەرنامەی دنیایەکی باشترو تێکۆشان بۆ ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کرێکارییە، بەڵام لەناو هاوکێشەی هەلومەرجی سیاسی عێراق و لەمەیدانی کێشمەکێش و شەڕی نێوان حزب و هێزە میلیشیاکاندا نەیتوانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی کۆمۆنیزم و هێزی پێشکەوتنخوازو ئینسان دۆست و ئازادیخواز بگۆڕێت، تا وەک هێزێک لە ئاستی کۆمەڵگەدا ئەزمون و وێنەیەکی تەواو جیاوازتر لە حزب و خەباتی سیاسی نیشان بدات.

**بۆپێشەوە: باشە ئەم دیاردەیە هەروا دەمێنێتەوە یاخود قابیلی ئەوەیە گەشەو ڕەوتی ڕوداوەکان بەجۆرێکی تر بەرجەستە بێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستا ئەم دیاردە هەستیارەی خەڵکی ڕاپەڕیو بەرامبەر بە حزب نەگۆڕدراوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ئەو واقعیەتەی خەڵکی عێراق دەرگیری بووە و پەرچەکرداری بەرامبەر ڕەفتارو سیاسەت و خەسڵەتی مافیایی و باندی تیرۆرستی حزبە دەسەڵاتدارەکان بە جۆرێک هەستیاری کردووە بەرامبەر بە حزب، پێم وا نییە کە خۆبەخۆ لە زهنی خەڵکدا گۆڕانی بەسەردا دێت و مەیلی حزب بوونی خەڵک بەهێز دەبێت، یان چاوەڕوان بین لە پرۆسەیەکداو لە بەردەوامی ڕاپەڕیندا بۆخۆی بگۆڕدرێت.

ئەوە دەوری هەر حزبێکی پێشڕەوە کە بە چۆنیەتی میکانیزمی بەشداربوونی لەو خرۆشانە جەماوەریانەدا بتوانێ کاریگەری هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەو هەستە نەرێنیەی لەبەرامبەر حزبدا هەیە، بە ئاشکرا ئەوە دەبینین بوونی ئەم مەیلە دژە حزبیە چەند دەوری هەیە لەسەر ناڕێکخراوبوونی خۆپیشاندانەکان، بۆیە ئاڵوگۆڕکردن لەو مەیلە کاری جدی و شارەزایانەی پێویستە.

**مەیلێکی ئانارشستی هەیە کە بە شێوەیەك تەقدیسی حاڵەتی دژە حزبی دەکات و داوا دەکات جگە لەبەشداری فیزیکی و تێکەڵاوبوون لەناو تیمی خۆپیشاندەراندا کارێکی زیاتر نەکرێت و چاوەڕوان بین، چونکە پێیان وایە خودی ئەم ناڕەزایەتیانەو هاتنەمەیدانی خەڵك ئەتوانی خۆی ڕێك بخات و ڕابەرانی خۆی دروست بکات و شۆرشیش ئەنجام بدات، پێم وایە ئەم مەیلە بەشێك لە کۆمۆنستەکانیشی گرتۆتەوە...**

سەرنج بدەن مەیلێکی ئانارشستی هەیە کە بە شێوەیەک تەقدیسی ئەم حاڵەتی دژە حزبیە دەکات و داوا دەکات جگە لەبەشداری فیزیکی و تێکەڵاوبوون لەناو تیمی خۆپیشاندەراندا کارێکی زیاتر نەکرێت و چاوەڕوان بین، چونکە پێیان وایە خودی ئەم ناڕەزایەتیانەو هاتنەمەیدانی خەڵک ئەتوانی خۆی ڕێک بخات و ڕابەرانی خۆی دروست بکات و شۆرشیش ئەنجام بدات، پێم وایە ئەم مەیلە بەشێک لە کۆمۆنستەکانیشی گرتۆتەوە، گەر بەزارەکی ئەم ئاراستەیە تەعبیر نەکەن، بەڵام کارکردی لەسەر چۆنیەتی هەڵسورانیان لە ڕیزی خۆپیشاندنەکاندا داناوە.

ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریەی عێراق و ناوچەکە نمونەیەکە لە ناڕەزایەتیەک کە ماوەیەکی زۆرە حکومەتەکان و هێزە ملیشیاکان بەجۆرەها شێوازی پیلانگێڕی و سەرکوت و کوشتارێکی زۆر لە هەوڵی خامۆشکردنیدان و بۆیان جێبەجێ نەکراوەو سەری نەگرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆپیشاندانەکانیش جگە لە نمایشی ناڕەزایەتی و فراوان بوونی ناڕەزایەتیەکەو بەردەوامی بەرەنگاربونەوەی، بەڵام شێوازێک لە ڕێکخراو و ئینسجامی نیشان نەداوە و ئاسۆیەکی ناڕۆشن سایەی کردووە، لە هەمان کاتدا قوربانییەکی ئێجگار زۆریشیان داوەو بەردەوامیش دەدرێت.

ئەم جۆرە لە بەرەنگاری و ئاستی بەرزبونەوە کە فشار بێت لەسەر دەسەڵات و دەسەڵات تەسلیم بێت بە خواستەکانی جەماوەری ناڕازی، یا دەسەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەر بێت، هێشتا هاوسەنگی هێز لەنێوان فراوان بونەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و خۆڕانەگرتنی دەسەڵات ساغ نەبۆتەوەو ئاسۆکەشی نادیارو ناڕۆشنە، هەڵبەتە سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە لە هەنگاوێکدا بەدیار دەکەوێت کە گۆڕینی دەسەڵاتە، بەڵام خواستی گۆڕینی دەسەڵات لەگەڵ ئەوەی لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە دروشمێکی سەرەکی بووە، واقعیەتی خۆبەخۆیی هەنگاوە عەمەلیەکان و ناڕێکخراوبون و نادیاری ئاسۆکەی دروشمی "ڕوخانی دەسەڵات" نەیتوانیوە سەقامگیری و پێداگری جدی وەرگرێت.

پرسیارێک دێتە پێشەوەو کە پێویستە بکرێت، گۆڕینی دەسەڵات لە کێ وە بۆ کێ؟، کە خودی ئەم پرسیارە لە یەکەم ڕۆژی ناڕەزایەتیەکانەوە تائێستا وەک خۆی ماوەو وەڵامێک لە خۆپیشاندەرانەوە بە ڕۆشنی مەترەح ناکرێت! ئەم دۆخە تاکەی درێژەی دەبێت و بەم جۆرە دەمێنێتەوە؟ پێش هەموو شتێ کەسانێک کە ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە یا سەرکەوتنی ڕاپەڕین بدەنەوە، ئەو کەسانەن کە چاوەڕوانن و پێیان وایە ئەم ناڕەزایەتیانە، خۆیان گەشە دەکەن و ڕابەر دروست دەکەن و ئەتوانن خۆشیان ڕێک بخەن.

واتە وەڵامێک کە دەبێت بدرێتەوە بەم پرسیارەو کاری لەسەر بکرێت ئەوە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری و هەر حزبێکی پێشڕەوە کە ڕابەرەکانی ڕۆژانە لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتیەکاندا خاوەن خەت و پلان و نەخشەی ڕۆشن بن، ببنە خاوەنی دروشمی "ڕوخانی دەسەڵات" و خاوەنی خواستەکانی جەماوەری ناڕازی، بتوانن ببنە جێگای متمانەو ئومێدی خەڵکی ناڕازی و ببنە خاوەن نفوزێکی جەماوەری. حزب بە ڕابەرەکانی دەناسرێتەوەو خۆشەویست دەبێت و بەدەورو کارکردی کاری ڕابەرانەو پێشرەوانە ئەتوانرێت زهنیەت و هەستیاری بۆ مەیلی حزب بەهێز بێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# نادر عبدالحمید: ئەم خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە هەلێکی زێڕینە بۆ کۆمۆنیستەکان تا بتوانن هەنگاوێکی عەمەلی هەڵبهێنەوە لە ڕاستای لێکهەڵپێکانی کۆمۆنیزم بە چینی کرێکار و خودی ئەم ڕاپەڕینەوە...

## دیمانە لەگەڵ هاوڕێ نادر عبدالحمید، مارکسیست و کۆمۆنیست، ئەندامی هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی" بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق" سەبارەت بەرۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی عێراقدا...

**بۆپێشەوە: ئێستای خۆپیشاندانەکانی عێراق چۆنە؟**

**نادر عبدالحمید:** زیاتر لە چوار مانگە هاوسەنگیەکی دیاریکراوی هێز لە ئارادایە لە نێوان بەرەی شۆڕش و بەرەی دژە-شۆڕشی دەسەڵات و حزبە جۆراوجۆرە قەومی و تائیفیەکانی ئیسلامی سیاسی. ئەم هاوسەنگی هێزە چەندین جار خراوەتەبەر گورزی گۆڕانکاری چ لەلایەن خەڵکی ڕاپەڕیوو و چ لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات و ئەو هێزانەشەوە کە دژە-شۆڕشن و خۆیان مەڵاسداوە لە ناو بەرەی خۆپێشاندەراندا.

چەندین جار جەماوەری ڕاپەڕیوو هەڵمەتیان برد تا هەرسێ دامەزراوەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە دیاریکراوەی بورژوازی عێراق بڕوخێنن، ئەویش لەو پردانەوە کە سەردەکێشن بۆ ناوچەی سەوزی بەغدا، کە دامودەزگاکانی دەسەڵاتی تێدایە، بەڵام تواناکانیان تا ئەوێ بڕی نەکرد و لە نیوەی پردەکاندا وەستا. هەروەها دەسەڵاتیش کەمکاری نەکرد لە کوشتوبڕی، گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکوانان و تیرۆرکردنیان و نەیتوانی ئەم ڕاپەڕینە تێکشکێنێ، ئەمە جگە لە مانۆڕە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتی دژە-شۆڕشی سەدریش کە نەیتوانیوە لە ناوەوە پوچەڵی بکاتەوە و لەباری بەرێت.

بەم پێیە هەردوولای دژ-بەیەکی بەرەی شۆڕشی جەماوەر و بەرەی دژە-شۆڕشی بورژوازی، هیلاک و شەکەت بوون بەدەست یەکتریەوە بەبێ ئەوەی هیچ لایەک توانای بەلایەکاخستنی ئەو هاوسەنگی هێزەی هەبێت لە بەرژەوەندی خۆی و لاکەی تر دەستەخەڕۆ بکات. ئەمە وێنەی کێشمەکێشەکەیە تا ئێستای ناوەڕاستی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠.

**کاری کۆمۆنیستی لەناو ئەم ڕاپەڕینەدا بریتیە لە هەوڵدانێکی عەمەلی و سیاسی بۆ وەلانانی هەژمونی ئاسۆکانی تر و باڵادەست پەیداکردنی ئاسۆی سۆشیالیستی تا کۆمۆنیستەکان بتوانن ڕێکخەر و ڕابەری بن وەك شۆڕشێکی بەردەوام بەرەو سۆشیالیزم ....**

بەرەی دژە-شۆڕشی بورژوازی لە ئیمکاناتێکی زۆر، پشتیوانەیەکی ناوچەیی و جیهانی ئیمپریالی بەهرەمەندە، توانای مانۆڕی زۆری لەبەردەستدایە بۆ ناکامکردنەوەی ئەم ڕاپەڕینە، بەڵام ئەو شتەی گەرێنتیە لە بەرەی شۆڕشدا بۆ خۆڕاگری لەبەرامبەر فشار، سەرکوتگەری و مانۆڕەکانی دژە-شۆڕشدا، هەروەها گرێنتی پێشڕەوی و سەرکەوتنەکانیەتی، هێنانەدی ئاڵوگۆڕێکی جۆرایەتیە لەناو بەرەی خەڵکی ڕاپەڕیوودا، کە باڵادەست کردنی ئاسۆی سۆشیالیستی و شکڵپێدانی بەکردەوەی بەدیلێکی دەسەڵاتدارەتی شۆرایە بۆ ئەم دەسەڵاتەی ئێستا، کە دامەزرابێت لەسەر دەسەڵاتی جەماوەری ڕێکخراو لە شۆرا و کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکان و ڕێکخراوە لۆکاڵیە جەماوەریەکانی تردا، کە لەسەرەوە بە حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی سۆشیالیستی گوزارش لەخۆی بکات.

**بۆپێشەوە: چەپ و کۆمۆنیستەکان لە خۆپیشاندانەکانی عیراقدا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟**

**نادر عبدالحمید:** واقعی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی عێراق لە ئێستادا بزوتنەوەیەکی لاواز و شکڵ نەگرتووە و نەیتوانیوە خۆی لێکهەڵپێکێت بە چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکێشەکانەوە، خۆ ئەگەر ئەمە ڕویبدایە ئێستا ئەم ڕاپەڕینە لەشوێنێکی تر دەبوو. ئەمەش واتا ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکانیش لەناو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکەدا لاوازە، بەجیا لەوەی کە چ ڕێکخرا و لایەنێک خاوەن خەتێکی سیاسی ئەکتیڤ تر و هەڵسوڕاوترە.

بەڵام خودی ئەم خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە هەلێکی زێڕینە بۆ کۆمۆنیستەکان تا بتوانن هەنگاوێکی عەمەلی هەڵبهێننەوە لە ڕاستای لێکهەڵپێکانی کۆمۆنیزم بە چینی کرێکار و خودی ئەم ڕاپەڕینەوە.

**بۆپێشەوە: بەشی هەرە زۆری داخوازییەکانی خۆپیشاندەران، لەوانە "هەلی کار، ئەمنیەت، خزمەتگوزاری، ئازادی..." داخوازی چەپ و کۆمۆنیستەکانن، هۆکار چییە چەپ و کۆمۆنیستەکان ناتوانن ڕۆڵی ڕابەری خۆپیشاندانەکانی عێراق، بگێڕن؟**

**نادر عبدالحمید:** هەر لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠١٩وە، خۆپێشاندانەکان سنوری ئەو خواستانەی تێپەڕاندوە، خوازیاری گۆڕانکاری سیاسی و هەڵپێچانی دەسەڵاتی سیاسیە. هەروەها ئەم نارەزایەتیانە شکڵی خۆپێشاندانیشی تێپەڕاندوە و بووە بە ڕاپەڕین و ئەوەی کە لە ئارادایە ناتوانرێت بە خۆپێشاندان بۆ هێنانەدی خواستگەلێک پێناسە بکرێت، بۆیە باسکردن لەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە وەک "خۆپێشاندان و خواست" داشکاندنی ئاستی بزوتنەوەکە و ڕاپەڕینەکەیە.

ئەوەی کە بۆچی چەپ و کۆمۆنیستەکان ناتوانن ڕۆڵی ڕابەری بگێڕن؟ زۆر بە سادەیی ئاسۆیەک کە زاڵە بەسەر ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتی و ڕاپەیندا ئاسۆیەکی سۆشیالیستی نییە تا چەپ و کۆمۆنیزم بەئاسانی بتوانێت ببێتە ڕابەر و ڕێکخەری. ئەمەش بەو مانایە نا کە کۆمۆنسیتەکان لێی بێئومێد بن، بەڵکو بەمانای ئەوەی شانبدەنە بەر کارێکی جدی.

کاری کۆمۆنیستی لەناو ئەم ڕاپەڕینەدا بریتیە لە هەوڵدانێکی عەمەلی و سیاسی بۆ وەلانانی هەژمونی ئاسۆکانی تر و باڵادەست پەیداکردنی ئاسۆی سۆشیالیستی تا کۆمۆنیستەکان بتوانن ڕێکخەر و ڕابەری بن وەک شۆڕشێکی بەردەوام بەرەو سۆشیالیزم. ئەمەش کارێکی ڕۆشنگەری ئەکادمیستیانە نییە، بەڵکو پراتیکێکی سیاسی ڕۆژانەی کۆمۆنیستی و دەستوپەنجە نەرم کردنە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا لەگەڵ جەماوەرێکی ئاڵودە و گیرخواردوو بەدەست خوڕافاتی فکری و سیاسی و سوننەتی خەباتی جۆراوجۆری لیبراڵی و ڕیفۆرمیستی و قەومی و مەزهەبی بورژوازی. ئەمە گەرچی کارێکی قورسە، بەڵام لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانەدا جەماوەر لەماوەیەکی کەمدا ئاڵوگۆڕی دەیان ساڵ دەخاتە پشتی سەریەوە و ئامادەیە بۆ ڕزگاری لەم کۆت و بەندانە گەر کۆمۆنیزم چالاکانە هەڵسوڕاو بێت، لە هەوڵی ڕێنیشاندەر، ڕێکخەر و ڕابەریدا بێت.

ئەم ڕاپەڕینە لە ژێرەوە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و زۆر ڕادیکاڵە دژ بە دەسەڵات و دژ بە واقعێکی ژیانی کولەمەرگی و پەراوێزیەکی کۆمەڵایەتی کە دەسەڵاتی بورژوازی سەپاندویەتی بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام خودی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە هەڵگری ناکۆکیەکی کوشندیە ئەویش ئەوەیە کە هێشتا ئەو ئاسۆ سۆشیالیستیەی کە دەبێ گوزارش بێت لە بناغەی ئەو بزوتنەوە و ناوەڕۆکە ڕادیکاڵەکەی زاڵ نییە و ئاسۆکانی تری بورژوازی خۆبەخۆیانە بەتایبەت تێکەڵەیەک لە ئاسۆی ڕیفۆرمیستی لیبراڵانە و نیشتیمانپەروەری و قەومیانە زاڵە بەسەر ئەم بزوتنەوە و ڕاپەڕینەدا کە دژ بە هەژمونی و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیمپریالیزمی ئەمریکیە لە عێڕاقدا.

پراتیکی کۆمۆنیستی واتا یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیە کوشندەی نێوان ئەم ژێرخانە ڕادیکاڵەی بزوتنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەگەڵ هەژمونی ئەو سەرخانە لە ئاسۆی سیاسی بورژوازیانەی بزوتنەوەکە، هەر ئەم یەکلاکردنەوەشە ڕێگەی ڕزگاربوونی ئەم ڕاپەڕین و بزوتنەوەیە و پەرەپێدانی تا ئاستی شۆڕشێکی سۆشیالیستی لە عێڕاقدا. ئەمە هەمان گرفتی شۆڕشەکانی تونس و میسریش بوو، ئەگەر نا ئێستا ئێمە باسمان لە شۆڕشی سۆشیالیستی دەکرد لەو دوو وڵاتەدا.

**بۆپێشەوە: دەوترێت بەشێوەی گشتی خۆپێشاندەران، لەگەڵ حزبیەت نین و تەنانەت دژی کاری حزبایەتین، چەپ چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان تا ڕۆڵ و گرنگی کاری حزبی و ڕێکخراو خۆشەویست بکاتەوە؟**

**نادر عبدالحمید:** گەرچی ئەنتی حزبی بوون پشتی بەستووە بە ئەزمونی تاڵی چەندین ساڵەی جەماوەر لەگەڵ حزب و ڕەوتە جۆراوجۆرە قەومی و دینی و تائیفیەکان و بێئومێد بوونیان لە بەدەستهێنانی خواستەکانیان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا، بەڵام ئەنتی حزبی بوون لەمڕۆدا ئاکامی پاشەکشەیەکی جدی کۆمۆنیزم و هەژمونی فکری پۆست مۆدێرنیتەی لیبرالیزمە لەسەر ئاستی جیهان و نەک هەر لای جەماوەر، بەڵکو لەناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشدا دیاردەیەکی بەرچاوە.

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستدا مارکسیست بوون و کۆمۆنیست بوون یەکسەر پێناسەکەی ئەوە بوو کە تۆ لەناو کۆڕ و کۆمەڵێکدایت، کە ئەڵقەی باس و لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی هێنانەدی "تەشکیلات" و ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی و کاری سیاسی بوو، بەڵام ئەمڕۆ کەسانێکی زۆری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەبینیت سەرگەرمی چالاکی شەخسی و باس و وتار نوسینی خۆیانن وەک ئەوەی کە ڕێکخراو بوون و حزبی بوون بەشێک نەبێت لە پێناسەی کۆمۆنیست بوون. ئەڵبەتە ئەزمونی بەئاکام نەگەیشتوی چەندین ڕێکخراو و حزب کە کەسانی چەپ و کۆمۆنیست کاریان تیایدا کردوە کاریگەری نەرێنی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە پاکانە نیە، چونکە ڕێکخراو و حزب ئامرازە، ئەگەر هیچ یەکێک لەو ڕێکخراو و حزبانەی کە لە ئارادان لای کەسێک جێگەی ڕەزامەندی نەبێت ئەوا کۆمۆنیست بوونەکەی دەبێ بیخاتە سەر ئەوەی دوو کۆمۆنیستی هاوفکری خۆی پەیدا بکات و کارێکی دەستەجەمعی ڕێکخراو بکات.

وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی حزبی کۆمۆنیستی بەهێز و دەخالەتگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ئەوە ئەو ئەرک و کارەیە کە زاڵبوون بەسەر ئەم بارودۆخەدا فەراهەم دەکات یان بە تەعبیرەکەی ئێوە خۆشەویستی بۆ کاری حزبی و ڕێکخراو بوون دەگەڕێنێتەوە.

**بۆپێشەوە: زۆرێک لە حزب و ڕێکخراو و گرووپە چەپەکان، ئامادەییان لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا هەیە، نزیکایەتی ئەو حزب و ڕێکخراو گروپانە لەگەڵ یەکتری لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا بیر لەکاری هاوبەش کراوەتەوە؟**

**نادر عبدالحمید:** نزیکایەتیەکی زۆر کەم لەئارادایە، چونکە خەتی سیاسی جیاواز هەیە کە ڕەنگدانەوەی خۆی خستۆتەڕوو لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینەدا لەلایەن ئەو حزب و ڕێکخراوانەی سەر بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێڕاقەوە. هەیە دوو ڕۆژ بەر لە سەرهەڵدانەوەی دوبارەی ئەم بزوتنەوەیە لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا دەستپێشکەریانە پلاتفۆرمی بۆ دەرکردووە، سەرخەتی هێنانەدی شۆراکانی بۆ دەرکردوە، لێرەوە دەیەوێ ئاسۆی سۆشیالیستی زاڵ بکات و وەک شۆڕشێکی بەردەوام ڕووەو شۆڕشی سۆشیالیستی بەرێت، هەشە دڵی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەندە پێشڕەوی کردوە کە ئەو پلاتفۆڕم و سەرخەتانەی هێنانەدی شۆرای تێپەڕاندوە! هەیە لە ئەسڵدا ئیمانی بە وجودی چینی کرێکار و شۆرا لەقە و لە هەوڵدایە ئەلگۆی ناسیونالیزمی چەپی کوردی سوریا بکاتە پەرچەمەکەی! هەشە بۆ دەفعی گلەیی چادری لە ساحەی تەحریری بەغدا هەڵداوە. هەشە دەوڵەتێکی سێکولار ئەوپەڕی چاوەڕوانیەتی لەم بزوتنەوەیە. کەسانیش هەن کە چاودێرن بێئەوەی لێکدانەوە و بۆچون و هەڵوێستێکیان دەرببڕیبێت بەرامبەر ئەم واقعە مەزنەی کە لە عێڕاقدا دەگوزەرێت.

ئەمە واقعی بزوتنەوەکەیە و بە موجامەلەی یەکتری چارەسەر ناکرێت، بەڵکو چارەسەری ستراتیژیانە ڕۆشنکردنەوەی جیاوازی خەتە فکریە سیاسیەکان و هەوڵدانە بۆ ساغکردنەوەی خەتێکی مارکسیستی چالاک، ئەمە شەڕ فرۆشتن نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی واقعی خەباتی فکری و سیاسیە بۆ هاتنەدەرەوە لەم دۆخە. بەڵام جیا لە بۆچون و خەتی فکری سیاسی، دەکرێ هاوئاهەنگی کار بکرێت لەڕووی عەمەلیەوە، لێرەدا لەم ئاستەی پلە دووەدا سکتاریزم لە ئارادایە کە خۆی ڕەنگدانەوەی ڕێباز و خەتی فکری سیاسیە و وەلانانی ئەویش بەندە بە خەباتێکی فکری سیاسی مارکسیستیەوە.

**بۆپێشەوە: بەگشتی چەپ و کۆمۆنیستەکان، پرۆژەیان چییە، بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی خۆپیشاندانەکان؟**

نادر عبدالحمید: تا ئێستا حزب و ڕێکخراو و گروپەکانی سەر بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێڕاق بەیاننامەی جۆراوجۆریان دەرکردوە لەسەر ئەم بزوتنەوە و ڕاپەڕینە دیاریکراوە، بەڵام تاکە ڕێکخراوێک کە پلاتفۆڕمی دەرکردوە دوو ڕۆژ بەر لەسەرهەڵدانەوەی ئەم بزوتنەوەیە و پاشان سەرخەتی چۆنیەتی هێنانەدی شۆراکانی دەرکردوە لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا و ڕۆژانە ڕۆژنامەیەک بەناوی (صوت الانتفاضة)ەوە دەردەکات کە تا ئێستا زیاتر لە سەد ژمارەی چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەناو خۆپێشاندەراندا، و ئێواران کۆڕی لێدوانی هەیە لە (ساحەی تەحریری بەغدا)، جگە لە ڕۆژنامەیەکی دەوری بەناوی (نساء الانتفاضة)، ئەوە ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی)ە. بۆیە ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەوەی خاوەن پڕۆژەیە و بەدەستی پڕ و دەستپێشکەریەوە هاتۆتە مەیدان بۆ ناو ئەم بزوتنەوە و ڕاپەڕینە ئەوە ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی)ە.

دیارە کە زوربەی حزب و ڕێکخراوەکان بڕیارنامە و پلاتفۆڕمی سیاسیان هەیە بۆ بارودۆخی سیاسی عێڕاق، کە پێشتر بەر لەم بزوتنەوە و ڕاپەڕینە دەریانکردوە، بەڵام پرسیارەکەی ئێوە دیاریکراوە و پەیوەستە بەم بزوتنەوە و خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەوە کە کۆمۆنیستەکان پڕۆژەیان چیە بۆی؟ منیش جگە لە ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی) تا ئێستا پڕۆژەی حزب و ڕێکخراو و گروپەکانی ترم نەبینیوە بەدیاریکراوی بۆ ئەم ڕاپەڕینە، جگە لە بەیاننامە دەرکردنیان.

**بۆپێشەوە: ئایندەی ئەم خۆپیشاندانانە چۆن دەبینن؟**

**نادر عبدالحمید:** ئایندەی ئەم ڕاپەڕینە پەیوەستە بە پڕۆژە و پراتیکی کۆمۆنیستی بۆ خودی ئەم ڕاپەڕینە، خۆشبەختانە ئەو پڕۆژەیەش خراوەتەڕوو وە ڕۆژانەش ئەو پراتیکە زیندوە بە دەرگیری لەگەڵ هێزەکانی دژە شۆڕش لە ناو مەیدانەکانی ڕاپەڕیندا دەڕواتەڕێوە، هیچ شتێکیش لە مەیدانی سیاسیدا گەرەنتی نییە جگە لە خەتی سیاسی دروستی کۆمۆنیستی و هەڵسوڕاوبوونی ماندوونەناسانە و سوربوون لەسەر کاری کۆمۆنیستی و لەدەستنەدانی هەل و دەستپێشکەری دەمودەست بۆ ڕابەرایەتی لەکاتی پێویستدا.



# جەمال محسین: ئەبێ لە فکری شۆڕشێکی سەرکەوتودا بین، شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی کە سەرلەبەری ئەم سیستەمەی بۆرژوازی پێکیهێناوە لەبەریەك هەڵبتەکێنێ...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ جەمال محسین سەرنووسەری دیدگای سۆشیالیستی و یەکێک لە هەڵسوراوانی ١٧ شوبات، سەبارەت بە ٩ هەمین ساڵیادی ١٧ شوبات ...

**بۆپێشەوە: ئەگەر لە ١٧ شوباتدا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە ئیلهام وەرگرتن لە بەهاری عەرەبی ڕاپەڕێن و بەدژی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا هاتنە مەیدان، بۆچی ئێستا بە ئیلهام وەرگرتن لە خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئێران و لوبنان و ناوچەکە و چیلی و چەند وڵاتی تر نایەنەوە مەیدان؟ :**

**جەمال موحسین:** من بەر لەوەی بێمە سەر وەڵامی ئەوەی بۆچی خەڵکی کوردستان لە ئێستادا نایەنەوە مەیدان، پێم خۆشە کەمێک لەسەر بەهاری عەرەبی و ١٧ ی شوبات بدوێم. من لام وایە کە پێویستە ئێمە کۆمۆنیستەکان چاوێکی ڕەخنەگرانە بەو شتەدا بخشێنینەوە کە بە ”بەهاری عەرەبی“ ناوئەبرێ. لەبەرامبەر جەور و ستەمی سیستەمی سەرمایەداری لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە ”جیهانی عەرەبی“ دان و لە بەرامبەر هەژاری و برسێتیەک کە کەمەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شکاندبوو، ئیتر جەماوەری برسیکراو نەیتوانی بێدەنگ بمێنێتەوە و هەستان. دەسەڵاتیش کە وەڵامی هیچ شتێکی جەماوەری پێ نەئەدرایەوە دەستەوسان مابۆوە. تا ئەمە گەیشت بە ”شۆڕش“. ئەمە ناوێکی خۆشە و هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سەر بە هەر چینێک بێ ئەیەوێ خۆی پێ هەڵواسێ. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: کام شۆڕش؟ ئایا ئەوەی لە تونس و میسر، کە لەوێوە دەستی پێکرد، شۆڕش بوو؟ چ جۆرە شۆڕشێک بوو؟ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بوو بۆ ژێرەوژوورکردنی سیستەمی کاری بە کرێ و نەهێشتنی چەوسانەوە لەسەر ئەو بنەمایە؟ نا. خەڵکی هەژار و برسیکراو هەستان و ڕاپەڕین، بەڵام ئەوە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی نەبوو کە توانی سایە بکات و ئەو نەفرەتە کۆمەڵایەتیە ئاڕاستە بکات. لە تونس زووتر لە دەست دەرچوو وە حکومەتی زەینەلعابدین بن عەلی خۆی پێ نەگیرا و ڕووخا، بەڵام خۆ ئێستا نە ناوێک لە محەمەد بوعەزیز هەیە کە جەستەی خۆی کردە بڵێسەی ئەو ”شۆڕشە“ و نەکەس ئەزانێ چەند سەد کیلۆ ئاڵتون و پارەی لۆک لای خێزانی بەجێماوی دوای بن عەلی هەیە. لە میسر کێ توانی ڕابەڕایەتی ئەو ”شۆڕشە“ بکات؟ سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان؟ کە دواتر نەیانئەزانی لە نێوان حوکمی عورفی سیسی و مورسیدا کە لە زیندان توند کرابوو چی و کێ هەڵبژێرن؟! ئیتر لەوە بگەڕێ کە دواتر لە لیبیا و یەمەن و سوریا ڕوویدا. خۆ هەمان نەفرەتی کۆمەڵایەتی جەماوەری بێبەش بوونی هەبوو، بەڵام بۆرژوازی جیهانی و ئیمپریالیزم زۆر لەوە زیرەکتر و خاوەن ئەزموونتر بوون و بینیمان چییان لەو بەناو بەهارە کرد و چۆن بوو بە وەیشوومەی پایزێکی سەخت.

ئەوەندەشی بە ١٧ ی شوبات ئەگەڕێتەوە من پێم وایە کە کۆپی و پەیستی ئەو ئەزمونە بوو. لە کوردستانیش نەفرەتی خەڵکی بێبەش دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی تا لێواری مەرگ ڕاپێچ کردبوو. بەڵام لەو ئان و ساتەدا گۆڕان و زاتی نەوشیروان بە بەیانێکی ئاگراوی کە گوایە ئەوان ئەڕوخێنێت فوی کرد بە تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکدا. کاتێک خەڵک هاتە مەیدان و دەسەڵات تەقەی لە خەڵک کرد و گەنجانی نارازی کوشت، هەر ئەو نەوشیروان و گۆڕانە هاتنە سەر تەلەفزیۆن و پشتیوانی خۆیان بۆ دەسەڵات دەربڕی و سەرکۆنەی خەڵکیان کرد و تەنانەت بە گێرەشێوێن ناویان بردن. لە ڕۆژانی ١٧ ی شوباتیش بە دواوە کەوتنە کۆنترۆڵ کردنی سەرای ئازادی و ئەنجومەنەکەی. ئەوان دەستیان لەگەڵ ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان تێکەڵ کرد و لە هەوڵدا بوون ژنان و پیاوان لە یەک جیا بکەنەوە و جگە لە سەپاندنی ئاسۆی ناسیۆنالیستی، ئاین و ئیسلامیش بە خەڵکی نارازی بقەبلێنن. ویستیان نوێژی جومعە تێکەڵ بە تووڕەیی خەڵک بکەن و سەرای ئازادی بکەن بە مزگەوتێکی گەورە. خەڵک لە دەست حوکمی کوردایەتی بێزار بوو بوو و هاتبووە دەنگ، ئەوان شتێکیان بە ناوی ”کوردایەتی پاک“ەوە کردە ئاسۆی زاڵی ناڕەزایەتیەکان. هەربۆیەشە دەستیان لەگەڵ ئیسلامیە دەستەخوشکەکانیاندا تێکەڵ کردبوو تاکو هێزێکی گەورەتر لەبەرامبەر یەکێتی و پارتیدا بنوێنن و پشکی زیاتریان پێ بدەن لە دەسەڵات و داهات و پارە و پولی دزراوی خەڵک. هەروەک بینیشمان چۆن لاشەی قوربانیانی ١٧ ی شوبات و هەر قوربانیەکی تری دژی دەسەڵاتی بۆرژوا کوردایەتی بووە پلیکانە بۆ گۆڕان و هێزەکانی هاوشێوەی بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز و پۆست و دەسەڵات و پارەی زیاتر.

بەهەرحاڵ ئێستا گەر بێینە سەر پرسیارە سەرەکیەکەی ئێوە، ئەبێ بڵێین ڕاستە خەڵک ئەزمونی ١٧ ی شوبات و مانگرتن و بایکۆتەکان و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی هەیە، بەڵام دیسان چونکە جڵەوی ئەو مەسەلانە لە دەست خەڵک خۆیدا نەبووە، بە ڕێگای تردا براوە. خەڵکی کوردستان بە ئەندازەی پێشوو لەم دەسەڵاتە تورە و بێزارن، بەڵام خواستی ڕۆشن و ئاسۆی ڕۆشنی خۆی نییە. خەڵک هێشتا لە گۆڕەپانی کوردایەتیەکەی ئەو دەسەڵاتەدایە و لە حاڵەتی چاوەڕوانیدایە کە ئایا ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی عێراق بە سەرکەوتن دەگات یان نا. وە ئایا گەر خەڵک لەوێ سەربکەوێ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردایەتی چی لێ دێت؟ ئێستا حاڵەتەکە بەجۆرێکە کە خەڵک کامێرای چاودێری لەسەر دەسەڵات داناوە. بەڕاستی بە سەرکەوتن گەیشتنی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی عێراق تەوژمێکی گەورە بە نەفرەتی خەڵکی کوردستانیش ئەدات. خەڵکی کوردستان گوژمی خواردۆتەوە و دەسەڵاتی کوردیش لەرزی بۆ بڕدراوە! کاتژمێری سفر لە کوردستان لەگەڵ زەنگی ئاگادارکردنەوەی سەرکەوتن لە ناڕەزایەتیەکانی عێراقدایە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ١٧ شوباتێکی سەرکەتوو وەدی بێت؟ ئایا ١٧ شوباتێکی سەرکەتوو لەگرەوی چیدایە؟**

**جەمال موحسین:** ئێمە ١٧ ی شوباتێکی سەرکەوتوومان نییە. ئەبێ لە فیکری شۆڕشێکی سەرکەوتوودا بین. شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی کە سەر لەبەری ئەم سیستەمەی کە بۆرژواز کوردایەتی پێکیهێناوە لەبەر یەک هەڵبتەکێنێ. بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە ڕێکخستن و بەرنامە و ستراتیژ هەیە، پێویستمان بەوەیە هەنگاو بە هەنگاو تاکتیکەکانی چۆنێتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و کەنارخستنی بخەینە بەردەم کۆمەڵگا و هاوکاتیش چۆنێتی دەسەڵاتگرتنی جەماوەری کرێکار و بێبەش بکەینە بەرنامە و کردەوە؛ ئەمەش پێویستی بە حزبێکی کۆمۆنیستی تۆکمە و پتەو و ریشەدار هەیە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیست و حزب و ڕێکخراوەکانیان لە ١٧ شوباتدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**جەمال موحسین:** من لەسەر ئەم مەسەلەیە ناتوانم هەروا بە گشتی باسی چەپ و ڕێکخراوەکانی بکەم. لەم دەرفەتە کورتەدا باشتر وایە فۆکەس بخەینە سەر کۆمۆنیستەکان و حزبی ئێمە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان. ئەم حزبە (وە کەسانێکیش کە وەک تۆ پێیان ئەڵێیت چەپ) ئامادەیی باش و چالاکمان هەبوو هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانەوە. هەر بۆ مێژوو و بە ئینسافەوە ئەبێ بووترێ کە ١٦ ی شوبات کۆمۆنیستەکان لە بەردەم سەرادا ناڕەزایەتی و کۆبوونەوەمان سازدا. وە ڕۆژانی دواتریش بوونی ئێمە و دروشمەکانی ئێمە سیمایەکی تری دابوو بە سەرای ئازادی. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها بوون و دروشم دان و خەتدان و هەتا قسەکردنی ڕۆژانە و ئامادەبوون لە لیژنەی باڵای ئەنجومەنی سەرادا کافی نەبوو. ئێمە نەمانتوانی خەتی ڕۆشن و ئاسۆ بدەین بەو ناڕەزایەتیەی خەڵک. نەمانتوانی ڕۆڵی تێکدەرانەی گۆڕان و باقی بە ناو ئۆپۆزسیۆن لاواز بکەین و نەیهێڵین. نەمانتوانی ئاسۆی ناسیۆنالیستی لە ١٧ ی شوبات بتەکێنین. ئەمەش لاوازیەکە تەنها پەیوەست نییە بە ١٧ ی شوبات و ڕۆژانی دواترەوە، ڕیشەکەی لە پێشتر و لە شوێنێکی ترەوەیە کە جێگای ئێرە نییە.


**بۆپێشەوە: دۆخی ئێستا ئەگەر لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ خراپتر نەبێت باشتر نییە، بۆچی خەڵکی کوردستان ئەزموونی ١٧ شوباتێکی تر دیارە بەلەبەرچاو گرتنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، دوبارە ناکاتەوە؟**

**جەمال موحسین:** من لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا وتم: ئێمە پێویستمان بە دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ١٧ ی شوباتێکی تر نییە! کرۆکی مەسەلەکە و ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش ئەوەیە کە ئەبێ شۆڕش بکات، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستانەی چینی کرێکار. هەلومەرجی ئەمە هێشتا لەبار نییە، یانی کاتی نەهاتووە و ئەمەش شتێک نییە بە ئیرادە و نیەت بکرێ. ئەڵێن: ”مارانگاز لە خشەی مێروو ئەترسێ“. خەڵک خۆی ناداتەوە دەست گۆڕان و ئیسلامیەکان و ئێستاش نەوەی نوێ. ئەبێ هێزێکی تر سەر دەربێنێ، کۆمۆنیزمی ڕێکخراو. کۆمۆنیزمێک کە دڕ بێ بۆ گیانی بۆرژوازی کورد. کاتێک خەڵک ئەم هێزە نابینێ هێشتا، ئیتر موجازەفە ناکەت و ئەزمونێکی تر دووبارە ناکاتەوە کە پێشتر ئەنجامی هاوشێوەی ئەوەی بینیەوە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە ١٧ شوباتدا، بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بوو؟**

**جەمال موحسین:** من نازانم بۆچی بەوانە ئەووترێ ئۆپۆزسیۆن! ئەوان و بە تایبەتیش گۆڕان فریادڕەسی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەلایەک و وەستای لە خشتەبردنی جەماوەریش بوون لەلایەکی ترەوە. گۆڕان دەسەڵاتی لە تورەیی خەڵک ڕزگارکرد و خەڵکیشی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا فس کرد. بە ئەندازەی یەکێتی و پارتی تاوانی دژایەتیکردنی جەماوەری برسی و هەژاری کوردستان ئەکەوێتە سەر شانی گۆڕان.

ئێمە پێویستمان بە دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ١٧ ی شوباتێکی تر نییە! کرۆکی مەسەلەکە و ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش ئەوەیە کە ئەبێ شۆڕش بکات، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستانەی چینی کرێکار. هەلومەرجی ئەمە هێشتا لەبار نییە، یانی کاتی نەهاتووە و ئەمەش شتێك نییە بە ئیرادە و نیەت بکرێ.





## عەلی محەمەد: یاریکردن بە داخوازی و دروشم و ئاراستەکان، نەخوێندنەوەی تواناو هێزی ڕاستەقینەی خۆپیشاندانەکان…ڕۆڵی زۆریان لەسەرنەکەوتنی خواستەکانی جەماوەری خۆپیشاندەردا گێڕا…

# گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەلی مەحمەد سەبارەت ٩ هەمین ساڵیادی ١٧ شوبات...

**بۆپێشەوە: ١٧ شوبات چی بوو؟ بۆ ڕوویدا؟**

**عەلی محەمەد:** دەمێک بوو خەڵکی کوردستان، لێرەولەوێ ناڕەزابوو لە دەسەڵاتی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، لەزۆر شارو شارۆچکەی کوردستان دا، وەک سلێمانی و هەڵەبجەو پینجوین وناوچەی شارەزورو گەرمیان، بەتایبەت چەمچەماڵ و کەلارو شارەکانی قەڵادزەو ڕانیەش لە هەناویاندا، ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو بارودۆخەی دەگوزەرا، پەنگی خواردبووەوە، جارجاریش بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕا، هەرلە قسەکردن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، تادەگاتە یاداشت پێشکەشکردن و گردبوونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان، ئەم ناڕەزایەتیانەش لەو بارودۆخەوە سەرچاوەی دەگرت، کە حیزب و لایەنە کوردستانیەکان هێدەی سەرگەرمی هەڵلوشینی داهات و سەروەت و سامانی کوردستان بوون، هێندە بەتەنگ ژیان و گوزەرانی زۆرینەی خەڵکەوە نەبوون، لەو ساڵانەدا ژمارەیەکی دیار لە بەرپرسان و بازرگانانی شەڕو ئاشتی هەڵتۆقیو سەری هەڵدا کە سەرمایەکانیان گەیشتە ملیارەها دۆلار، لە بەرامبەریشدا خەڵکانێکی زۆر نەک هەر لەڕیزی ناوەندو هەژاران دا مانەوە، بەڵکو دابەزین و هەژارتر بوون، کارگاو کارخانەی نوێ و هەلی کار، نەک هەر دەرنەکەوت و نەڕەخسا، بەڵکو کارگە کۆنەکانی ڕژێمی ڕوخاویش داخران و هەلی کار ئەگەر کەمێکیش بووایە، ئەوا تەنها بۆ ئەوانەبوو کە نزیکبوون لە بەرپرسە باڵاکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بە کوردی و بەکورتی زۆرێک لە خەڵک ئاشنای هەل و مەرجێکی نابەرابەری چینایەتی و کۆمەڵایەتی بوون کە تەحەموول نەدەکرا، بەتایبەتیش کە شارو ناوچەگەلێکی فراوان لە کوردستان دا هێشتا گیرۆدەی ئازارو پێشێلکاری برینە سارێژنەبووەکانی ڕژێمی بەعس بوون و لە بەرامبەردا حیزب و لایەنەکانی دەسەڵاتدار، جگە لە وتارو قسەو دروشمی باق و بریق و پاساوی زۆرو زەبەندی بی بناغە هیچیان نەدەکرد.. لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا، ئیتر خەڵکی پێیانوابوو، زەحمەتە ئەمانە هەنگاوێکی بەکردەوە، بۆ چاککردنی باری گوزەرانیان بدەن، وئەو گەندەڵیەی کە وەک مۆرانە زۆرێک لە جومگەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی تەنیوە سنورێکی بۆ دابنێن، بەڵی (١٧) ی شوبات بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەهەلومەرجێکی واو هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە سەریهەڵداو داواکاری و داخوازیەکانی خۆی لە دابینکردنی کارو گوزەران و خانووبەرەو زەوی نیشتەجێبوون دا دەبینیەوە... شایانی باسە سەرەتا هەندێ گروپ و کەسایەتی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە سازدانی گردبوونەوەکەو خۆپیشاندان دا لەبەردەرکی شاری سەرای شاری سلێمانی، بەڵام دواتر وەک هەمووان ئاگادارین لەو شوێنە تێپەڕیکردو توندوتیژی ڕوویداو چەند کەسێکیش شەهیدو بریندار بوو...

**بۆپێشەوە: هۆکار چی بوو ١٧ شوبات، زۆنی سەوزی تێنەپەڕاند و نەچووە زۆنی زەرد؟**

**عەلی محەمەد:** لە زۆنی سەوزدا، وەک هەموو دەزانین، هەر لەدێر زەمانەوە کانگای ناڕەزایەتی و ململانێی سیاسی و فیکری بووە، لە ڕووبەڕووبونەوەو بەرامبەرکێ لەگەڵ ڕژێمە ملهوڕەکانی پێشوودا خاوەنی قوربانی و زیانی زۆری بێ ئەژماربووەوە کەش و هەوایەکی تاڕادەیەک ئازادو کراوەتر خوڵقاوە و بەهۆی ئەو ئاستە هوشیاری ڕۆشنبیری و سیاسیە کە هەبووە، ئەو جۆرە بارودۆخە بەسەر دەسەڵاتداران دا سەپاوە، با پێشیان خۆش نەبێ، ئەمە جگەلەوەی لەم زۆنەدا، هەندێ دیاردەی فرە حیزبی و فرە حاکمی و دەسەڵاتدار هەبوو، بە پێچەوانەوە لە زۆنی زەردا، هەرتەنها پارتی دیموکراتی کوردستان حوکمڕانی تەواوبوو، ئاستی ناڕەزایەتی خەڵکیش و حیزب و لایەن و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیش لە ئاستێکی نزم و لاوازدا بوون.

**بۆپێشەوە: بەئاکام نەگەیشتنی خواستەکانی ١٧ شوبات، یان سەرنەکەوتنی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عەلی محەمەد:** بەڕای من کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە دەستیان لە بەئاکام نەگەیشتنی داواکاری و خواستەکانی ( ١٧ ) ی شوبات دا هەبووە، لەوانە، نەبوونی حیزب یان ڕابەرایەتیەکی بەهێز کە لە بەهێزی بزووتنەوەکەدا ڕۆڵی هەبێ و گەشەی پێبدات و ئاراستە ئەسڵیەکەی بپارێزێت، تێکەڵبوونی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیونی باو، لە وێنەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی ... ئەم تێکەڵبوونە هەربە بەشداری و پشتگیری خواستە ڕەواکانەوە نەوەستا (کە ئەمە ئەگەر بکرایە ئاسایی و ڕەوابوو) ، بەڵکو هەر خێرا هەوڵدرا جێگرەوە بۆ ئەو خواستانە و بۆ ڕابەرانی فیعلی و بۆ ئاراستەی گونجاوو دروستی خۆپیشاندانەکانی (١٧) ی شوبات دابنرێ وبەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی چالاکیش، بە چەپ و کۆمۆنیستەکانیشەوە، ڕەدووی ئەو ئاراستە نادروست و ناژیرانەو نامەنتیقیانە کەوتن، کە ئەو لایەنانە دایان ئەڕشت و تاکار وایلێهات گەیشتە ئەوەی ئەوان بۆ بەشداری لە دەسەڵات و وەرگرتنی پلەوپایەو پۆست دا، لە خۆپیشاندان و فشارە جەماوەرییەکان سودمەندبن، بوونی ئەوەی کە پێی دەووترا بەهاری عەرەبیش، لەو هەلومەرجەدا، لە وڵاتە عەرەبیەکان، زەمینەی ئەم بەدواکەوتن و فریوخواردنەی زیاتر ڕەخساند، هاوکات بوونی هەندێ کەسانی بەناو ڕۆشنبیرو سیاسی کە بە ناوی پێکەوەژیانی فیکرو بیروباوەڕەکان و نەمانی ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان لە بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان دا دەبینی و کار ئاسانیان دەکرد بۆ گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆ بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکان بە ئۆپۆزیسیون و دەسەڵاتدارانیشەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم، یاریکردن بە داخوازی و دروشم و ئاراستەکان، نەخوێندنەوەی تواناو هێزی ڕاستەقینەی خۆپیشاندانەکان...ڕۆڵی زۆریان لەسەرنەکەوتنی خواستەکانی جەماوەری خۆپیشاندەردا گێڕا، خۆبەرپەرچدانەوەی توندوتیژانەی دەسەڵاتدارانیش، لە سەرەتاوە تا کۆتایی و هەڵمەتی گرتن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و کوشتن و سەرکوتکردن و سوتاندنی خێمەو دابەزاندنی هێزێکی بی شوماری چەکدار بۆ سەرجادەو خۆ دزینەوەی زۆرێک لە حیزب و لایەن و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە ئۆپۆزیسۆنەکان و هەڵپەیان بۆ شەریکایەتی دەسەڵات لە حوکم و بەرژەوەندی دا، ڕۆڵی کاریگەریان لە خامۆشبوونەوە ی خۆپیشاندانەکان دا بینی، دەڵێم خامۆشبوونەوە، چونکە تا ئێستا ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینتر هەیە و زەرورەتی بەدیهێنانی خواست و داواکاریەکانی ( ١٧) ی شوبات، ئەگەر زیادی نەکردبێ کەمی نەکردووە......

**بۆپێشەوە: دۆخی ئێستا ئەگەر لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ خراپتر نەبێت باشتر نییە، بۆچی خەڵکی کوردستان ئەزموونی ١٧ شوباتێکی تر دیارە بەلەبەرچاو گرتنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، دووبارە ناکاتەوە؟**

**عەلی محەمەد:** هۆکار زۆرە، کە لە دۆخی ئێستادا، هەمان شێوەی ئەو خۆپیشاندانانە نایەتەوە سەر شەقام، لەوانە، زۆرێک لەو حیزب و لایەنانەی لەو کاتەدا، سواری ملی ناڕەزایەتیەکان بوون و هیوابەخشبوون بە خەڵکی، ئێستاکە بەم شێوە یابەو شێوە، شەریکە بەشی دەسەڵاتن، خەڵکی مارانگازە بە زۆرێک لە حیزب و لایەنە سیاسیەکان، و بێهیوایە لە بە ئاکام گەیشتنی خواستە ئەسڵەکانیان، ناشخوازن ئەمان تێبکۆشن و قوربانی بدەن و لە ئاکام دا، ڕەنج و ئارەقەو خوێنیان بە خەسار چێت، هۆکاری تر هەیە، وەک ناڕێکخراوبوونی چین و توێژە ناڕازییەکان و نزمی ئاستی هوشیاری و سەرتاسەری نەبوونی ناڕەزایەتیەکان و لە دەورو پشتیش دا، بارودۆخێکی هیوابەخش و پشتگیر ناڕەخسێ، کە ناڕەزایەتیەکانی ئێرەش بگرێتەوەو هیوابەخش بێت، بەڵکو ترس لە دوارۆژێکی ڕەشتریش هەیە، کە ئەوەشی هەبێت لەدەست بچێت، بەڵام دیارە هەموو ئەمانە ناکاتە ئەوەی کە ناڕەزایەتیەکان، بەرینترو بەهێزتر نەبێ و نەتەقنەوە، بەڵکو دەشێ لەداهاتوویەکی نزیک دا، هەندێک لە خاڵە لاوازەکانیشی تێپەڕێنێ و بتەقنەوە و لەڕێگای بەدەسهێنانی خواست و داواکاریەکانیش دا بەرەو پێشچوونیش ڕوویدا...

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ئیسلامیەکان، مەبەستمان حزب و ڕێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکانە، لە ١٧ شوباتدا چی بوو؟**

**عەلی محەمەد:** سەبارەت بە ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیش، لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خواستەکانی ( ١٧)ی شوبات دا، پێشتر ئاماژەم پێدا، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستیان هەبوو لە بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان و گۆڕینی ئاراستە ئەسڵیەکەیدا، تا ڕادەیەکیش سەرکەوتن، و نەک هەر ئاراستەکەیان گۆڕی، بەڵکو ئەوان داب و نەریتی ئیسلامیانەی خۆشیان، هاوشێوەی بەهاری عەرەبی، لەسەر شەقام و گۆڕەپانەکاندا، پەیڕەوکرد، کە جێگای داخە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش دا، شکست بە ناڕەزایەتییە شۆڕشگێڕی و گۆڕانخوازە ڕاستەقینەکان هێنراو تەنانەت لە هەندێ وڵات دا ، وەک سوریاو لیبیاو عێراق و تاڕادەیەکیش میسریش، کار بە شکستەوە نەوەستاو خەڵکێکی زۆر، تا ئێستا، بەدەست شەڕی ناوخۆو میلیشیاگەری و وێرانکاریەوە دەناڵێنن.

**حیزب و لایەن و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە ئۆپۆزیسۆنەکان و هەڵپەیان بۆ شەریکایەتی دەسەڵات لە حوکم و بەرژەوەندی دا، ڕۆڵی کاریگەریان لە خامۆشبوونەوە ی خۆپیشاندانەکان دا بینی، دەڵێم خامۆشبوونەوە، چونکە تا ئێستا ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینتر هەیە و زەرورەتی بەدیهێنانی خواست و داواکاریەکانی ( ١٧) ی شوبات، ئەگەر زیادی نەکردبێ کەمی نەکردووە...**



# چیمەن قەرەداغی: بەڵێنەکانی دەسەڵات تەنها بۆ ئەوەبوو خۆپیشاندانەکان کپ بکەنەوە، چونکە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان مەرگی دەسەڵاتی ئەوانی لی دەدا

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ چیمەن قەرەداغی ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان و یەکێک لە هەڵسوراوانی ١٧ شوبات، سەبارەت بە ٩ هەمین ساڵیادی ١٧ شوبات... شوبات...چاکسازی...

گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ چیمەن قەرەداخی ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی ١٧ شوباتدا لە چ ئاستێکدا بوو؟**

**چیمەن قەرەداخی:** ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ١٧ شوباتدا لە ئاستێکی باڵادا بوو، ژنان لەوکاتەدا جێگاو نەخشی جدی و بەرچاویان هەبوو، ڕۆژانە ژنانی شار و شارۆچکە و دەوروبەری شار ڕویان لە مەیدانی ئازادی سلێمانی دەکرد، هەندێک جارخێزانەکان بە تەواوی دەهاتن، قوتابخانەکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران لەدوای کارەوە ڕویان لە گۆڕەپانی ناوەڕاستی شاردەکرد. هەندێکیان بەشێوەی ڕێکخراوەیی و هەرگروپەی بە شیعاراتی خۆیانەوە نارەزایەتیان دەردەبڕی بەرامبەر دەسەڵاتی بورژوازی سەرکوتکەرو سەرمایەدار. ژنان لە مەیدانی ئازادی قسەکەریان هەبوو ئەمە بووبویە کاری ڕۆژانە، کەم نین ئەوانەی کە نارەزایەتیەکانیان بەشێوەی نوسراوە دەهێنا و لەوێ دەیانخوێندەوە. جێگای داخ و سەرنجە ئەو تیڤی و میدیایانەی لەوێبوون تەنها هەوادارانی خۆیان پیشاندەدا، ئەمەش بوبووە هۆی نیگەرانی پەرشوبڵاوی ژنان بەتایبەتی.

هەرلەو مەیدانەدا پۆل پۆل کۆدەبوونەوە و باس لە بێدەرامەتی، نەبوونی، کرێچیتی و نەبوونی کرێ، نەبوونی کارەبا، نەوت، غاز، بێمووچەیی و... هتد دەکرا. زۆربوون ئەو ژنانەی کە ئاماژەیان بەوەدەکرد پارەی شیر، دایبی و دەرمانیان نیە بۆ ساواکانیان. باسیان لە دکتۆر و گرانی کلینک ئەکرد و پێیان وابوو کە ئەمانە تەنیا لە خزمەت و بەرژەوەندی چینی پارەداردایە. زۆربەیان پێداگربوون بۆ گۆڕانکاری بناغەیی دەسەڵات و هەڵوەشاندنەوەی. زۆرێک لەو ژنانە باسیان لە چاوەڕوانیەکانیان دەکرد پێش دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان بۆ ژیانێکی باشی ئینسانی و یەکسانیان لەکۆمەڵگادا، بەڵام بەداخەوە بێ هیوابوونیان لەپاش ٢٠ ساڵ بۆیە خۆیان لەپاڵ پیاواندا لەنارەزایەتیەکانی ١٧ شوبات لە ساڵی ٢٠١١ دا دەبینیەوە.

لە مەیدانی ئازادی چەندین چادر هەڵدرابوو ڕۆژانە لەژێریدا کۆدەبووینەوە، جێگای چاوپێکەوتن، یەکترناسین، یەککگرتنەوە وحەوانەوە بوو. لەژێر ئەوچادرانەدا ژنانی خۆبەخش بە مەنجەڵە خواردنەوە ئەهات و خواردنی دابەش ئەکرد بەسەر بڕێک لە خۆپیشاندەراندا، دیاردەیەکی شارستانی و بەیەکەوە بوونی لەخۆدەگرت. چەند ڕۆژێک پێش هەشتی مارس لە مەیدان کەوتینە خۆئامادەکردن بۆ مەراسیمەکە، ئەوەبوو زۆربەی ژنانی ئازادیخواز و نارازی ئامادەبوونیان دەربڕی بە دانی ژمارە تەلەفۆن و ناویان کە لەوڕۆژەدا ئامادە دەبن لە مەیدان. ئەوەبوو مەراسیمێکی شیاو لەڕۆژی ژناندا گیرا و لەلایەن قسەکەرانیانەوە پەیامی هەشتی مارس خوێنرایەوە بە سەرکەوتوویی و ئامادەبونی خۆپیشاندەران. دوابەدوای ئەوەش ئەوەبوو سەرکوتکەرانی دەزگا دەوڵەتیەکان هەستان لە شەودا دەستیان کرد بەسوتاندنی چادرەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەخلاقی بۆ خۆپیشاندەران.

**بۆپێشەوە: دەرسەکانی ١٧ شوبات کامانەن؟**

**چیمەن قەرەداخی:** ١٧شوباتی ٢٠١١ و ئێستای ڕاپەڕینەکانی لوبنان و عێراق و ئێران دەرس و تەجروبەی باشیان هەبوو و هەیە، لە پێشڕەوی و لەلاوازی، ئەگەر سەرەتا لە پێشڕەوی و دەستکەوتەکانەوە قسەبکەم، ئەوەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە دەوریەکی نوێ بوو و هەیە لەژیانی خەڵکی کرێکار و کەم دەرامەتی کۆمەڵگە و دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی مافیایی و ملیشیایی قەومی دینی و خۆشخەیاڵی کەمبۆتەوە پێیان و داواکانیان داوای ڕەواو مافی خۆیانە لە پێداویستی ڕۆژانەییەکان و کارو سەلامەتی و یەکسانی و ئازادی.

تا بەخاڵی لاواز دەگەڕێتەوە کە هەموو ڕاپەڕینێک بۆ ئاڵوگۆڕو ژیانی باشتر لە دنیای نایەکسان و سەرمایەداری ئەمڕۆدا بەبێ ڕێکخراو بوون گەیشتنە هەدەف مەحاڵە و هەرچەندە بەژمارە زۆربین، بەڵام زوو بڵاوەدەکەن، ئەوە بوو ١٧ی شوبات و ئەوانەی ئێستا لەناوچەکەدا نارێکخراو و ڕابەری نییە، ڕێکخراو بەمانای ڕێکخراوبوونی وشیارانەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی. ڕێکخراوی وشیارانەو نەمانی خۆشخەیاڵی بەهەموو باڵەکانی بۆرژوازی بەقەومی و دینیەوە، خۆشخەیاڵی بەباڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی کە شیعاری چاکسازی بەرزدەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەحزابی بۆرژوازی میلیشیایی چاکسازی ناکات و ناتوانێت بیکات، بە ئێستاشی لەسەر بێت پاش ٣٠ ساڵی دەسەڵاتی کوردایەتی کامە چاکسازی کە ئۆپۆزسیۆن هاواری بۆ دەکرد.

**بۆپێشەوە: دەسەڵات لە ژێر گوشارەکانی ١٧ شوباتدا چەندین بەڵێنی دا، کەچی هیچیانی جێبەجێنەکرد، تەنانەت بکوژانی خۆپیشاندانەکانیشی ڕادەستی داداگا نەکرد، لەوبارەیەوە دەڵێن چێ؟**

**چیمەن قەرەداخی:** ڕاستی بەڵێنەکان تەنها بۆ ئەوەبوو کە خۆپیشاندانەکان کپ بکەنەوەو بەدەستی بەتاڵ بیانێرنەماڵەوە بەو بەڵێنانە، چونکە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان مەرگی دەسەڵاتی ئەوانی لێدەدا، ئەمە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەمێژووی هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستاندا بەدوای شوراکانی ساڵی ١٩٩١دا، ئەم نارەزایەتیانە هەموو دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی ترساند و ترسی بۆسەر دەسەڵاتی هەموویان هەبوو بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەوە بوو دواجار دەسەڵات خۆیان سوڵحی عەشایەریان کرد لەگەڵ چەند خێزانێک و ئەوانی دیکەی فەرامۆش کرد.

وە ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و بکوژانی خۆپیشاندەران پلەیان بەرزکرایەوەو خەڵات کران لەباتی دادگایی کردنیان، ئۆپۆزیسیۆن لەسەر حسابی خۆپیشاندان و نارەزاتی و کوژراوەکان چووە دەسەڵات و جێگای خۆی گرت وەک ئەوانی تر، ئیتر نازانم چ چاوەڕوانیەک هەبێت لە دەسەڵاتێکی وا کە خەڵکی ئازادیخواز و بەشمەینەت بێنە سەر شەقام بۆ ژیانێکی باشتر، بەڵام بەتەقەو ترساندن و زیندان وەڵام بدرێنەوە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ئەزموونی ١٧ شوبات؟**

**چیمەن قەرەداخی:** لەسەریشەوە ئیشارەم دا بەهەندێک لەدەرسەکان و بەڵام ئەگەر ئیشارەیەکی کورت بە ئەزموونی ١٧ شوبات بکەم ئەوا لایەنی باش زۆر بوو، یەکڕیزی خەڵک لە خۆپیشانەکاندا لەسەرەتاوە. خۆڕاگری خەڵک لە سەرماو برسیەتی ماندوبوون و گوێنەدانە زەبروزەنگی دەسەڵاتی کوردایەتی. وە لەباری نارێکخراوەیی ڕیزەکانی خۆپیشاندەران، کە ئێمە ئەزموونی شوراکانمان هەبوو لەکوردستان خاڵێکی لاواز بوو، بەتایبەت خۆشخەیاڵی بە هاتنەرێزی ئۆپۆزیسیۆنی قەومی و ئیسلامی کەدەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە مەیدانی ئازادی خاڵێکی لاوازو بەرجەستە و سلبی و ناشارستانی بوو، کۆسپێک بوو بۆ زۆرێک لە خۆپیشاندەران و ترسی هاتنەمەیدانی جمهوری ئیسلامی، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشەی کەسانی ئازادیخواز، ئەو دیاردەیە لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگای مەدەنیدا نەدەگونجا.

بۆیە ئەزموونەکانی ١٧ی شوبات دەبێت لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بێت، وە دەرس لە ئەزموونی وڵاتانی تر و بەتایبەت ئێستای ناوچەکە وەربگرین بۆ دەورەی داهاتوو کە خەڵک هەمان داخوازیەکانی ١٧ شوباتیان بەزیادەوە ماوەو دەبێت بۆی بێنەمەیدان جارێکی تر.

**ئەزموونەکانی ١٧ای شوبات دەبێت لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بێت، وە دەرس لە ئەزموونی وڵاتانی تر و بەتایبەت ئێستای ناوچەکە وەربگرین بۆ دەورەی داهاتوو کە خەڵك هەمان داخوازیەکانی ١٧ شوباتیان بەزیادەوە ماوەو دەبێت بۆی بێنەمەیدان جارێکی تر...**

**چاکسازی بە دزو گەندەڵ پیشەکان ناکرێت... دەسەڵاتی سیاسی و مافیایی کوردستان پایەکی سەرەکی لەسەر دزی و گەندەڵییە، ئەگەر دەست بیات بۆ چاکسازی واقعی، دەڕمێت!**

## درێژەی... ئاراستەیەکی تر لە نێوان کەناڵی »ڕووداو «و »مەریوانی هەڵەبجەیی «دا سەبارەت بە ئاییندەی ئیسلام؟!!

[ ] –سەرەڕای ئەمانە ئیسلام لە چەندین مەزهەب و تایفە پێکهاتوە هەمووشیان ئەوانی تر بە ئیسلام نازانن لە بۆچوونی ئەواندا تۆ ئیسلام نیت: ئەگەرشیعەبیت، ئەگەرسونە بیت، ئەگەر سەلەفی بیت، ئەگەر سەلەفی جیهادی بیت، ئەگەر سۆفی و دەرویش و شێخ بیت، ئەگەر عەلەوی یا اسماعیلی بیت، ئەگەر ئیسلامی سیاسی بیت و باوەڕت بە حیزب وپەرلەمان هەبێت.

جگە لەمانە لە ناوخۆی ئەمانەشدا چەندین مەزهەب و تایفە هەن یەکتری رەد دەکەنەوە هیچکامیان ئەوی تر بە ئیسلام نازانێ. ئەگەر جارێکی تر لەسەر ئەم پێوەرانە موسڵمانەکان بخەیتە ژێر فەحسەوە کەسی نامێنێت.

لە ڕووی واقعەوە ئیتر تۆ چۆن دەتوانی بڵێی ئیسلام یەک ملیارو نیوە یا داهاتووش بۆ ئیسلام دەبێت بە هەموو پێوانەیەک ئەمە ڕاست نییە .

ئەوەی کەناڵی ڕووداو باسی دەکا کە ئاییندە بۆ ئیسلامە یا میدیایەکی تر دەیلێت بۆ هەر ئاینێکی ترە، لە ئاستی پروپاگەندەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ گەرمکردنی بازاڕی خۆی هیچی تر نییە بە بڕوای من . وەک مەنسوری حیکمەت دەڵێت ئاییندەی ئایینەکان وای لێدێ خەڵک وەک جۆک ونوکتە باسیان دەکا یا وەکو ئەفسانەی دێو و خێوەکانی لێ دێت. هەر ئێستاش ئەم ڕاستیە دەبینرێ لەناو کۆمەلانێکی زۆری خەڵکی جیهاندا. .

ئەوەی ڕاستییە زەمینە مادديەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی ئەمرۆ بۆ بەدیهێنانی

## درێژەی چاوپێکەوتنی "بۆپێشەوە" لەگەڵ مزەفەری محمدی سەبارەت بە لێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی و ...

شاری ئەڵمانیادا تیرۆر کرد. غولام کشاوەرزیان لەبەردەم هوتێلی شوێنی نیشتەجێ بوونی لە وڵاتی قوبرس و لەبەر چاوی دایک و باوکیاندا تیرۆر کرد. بەختیار و د یان تیرۆری دیکە لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتدا بەڕێوە چوون. سەدان کەسایەتی هەڵسوراوی سیاسی و دژی رژیم لە ناو ئێراندا بە ئاشکرا و بە دزی تیرۆر یان ئەشکەنجە کراون. هەموومان قەتلە زنجیرەییەکانی ناو ئێرانمان لە بیرە. هێزەکانی داردەستی جمهوری ئیسلامی لە و ناوچەیەدا، وەک لوبنان، سوریا، عێراق، یەمەن، ئەفغانستان و وڵاتانی دیکە لە ئەساس و بنەڕەتدا هێزی بە کریگیراو و وە ڕەشەکوژی تیرۆریستین. جیهادی ئیسلامی، حزب الله، حەشدی شەعبی و لق و پۆپەکانیان، انصار الله و ئەوانی تر بەتیرۆرو کوشتنی هەزاران کەسی بێگوناە دەستیان خوێناویە. هەموو ئەمانە تەنیا بەشێک لە سیاسەتی شەڕو میلیتاریزم و زورەملێ و تاوان لە دژ بە مرۆڤە. هاتوهاوار لەسە ر کوژرانی کەسێکی سەربازی ئێرانی و باس لەسەرئەوەی کە تیرۆرە یان هەر ناوێکی تری لێ بنێن و تا چ ڕادەیەک وە ژێرپێنانی یاسا نێو دەوڵەتییەکان بێت، لەجەرگەی ئەم شەڕو میلیتاریزم و زۆرە ملێی یەی ئەمریکا و جمهوری ئیسلامی لەم ناوچەدا وەکو "نوکتەیەکی بێ تام" وایە و دەیەوێ بەگەورەکردنەوەیەکی بێتام وبێمانا ڕواڵەتی مەسەلەکە بگۆڕێت. بەرگی شەڕێکی ماڵوێرانکەری دەیان ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکرێ بە داماڵینی ئەم یان ئەو لە تیرۆر داپوشرێ. ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە کە لەلایەک دەوڵەتی ترامپ بە بیرۆکەی ئەوەی خۆی هێزی یەکەمە هاتووە و دەڵێت: من هێزی سەرەکیم. گەورەترین ئابووری دونیا، گەورەترین هێزی عەسکەری دونیا و گەورەترین چەکی وێرانکەرم لە دونیاودا هەیە و هەرچیم پێ خوش بێت دەیکەم و وەڵامدەرەوەی کەسیش نیم و نابم. ئەمە نۆرمی دونیای ئەمرۆ و "نەزمی نوێی" دوای تێکچوونی بەرەی ناسراو بە ڕۆژهەڵاتە. لەلایەکی دیکەشەوە جمهوری ئیسلامی هاتوەتە سەر کارو دەیەوێ هیلالی شیعی پێک بێنێت، ئیسرائیل لەناوبەرێت و هێزی خۆی لەناوچەدا وەکو هێزێکی ملهورو سەرکوتگەری خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران و ناوچەکە سوودمەند بێت. لەچوارچێوە ی وەها سیاسەتێکی پیس و دژی مرۆڤانەدا، هەر هەنگاو و کارێک دەکرێت بەرێی بخەن. لەوانە، تیرۆر، کوشتن، ئیعدام، کوشتنی بەکۆمەڵ و هەر جنایەتێکی تر لەخزمەت بە ملهوری سەرە هێزی ئەمریکا دا لەلایەک، وە یان پاراستنی دەسەڵاتی جەهەننەمی جمهوری ئیسلامی ئێران لە لایەکی تر. هاوڕابوون لەگەڵ هات و هاواری گاڵتەجاڕی لە حاشیەی ئەم شەڕو میلیتاریزمە و خەوزڕاندن لە مرۆڤی ئەم دونیایە بەتایبەت لە ئێران کە ترامپ دەبێت چ تاوانێکی تریش ئەنجام بدات، پەردەپوشی ئامانج و سیاسەتە دژی بە شەری و تاوانکاریەکانیەتی کە لەبەر چاوی دونیادا بەرێوەدەچێت. بەلارێدابردنی بیرورای خەڵکە لەسەر ئەساس و بنەمای پەرەدانی بەم هاتوهاوارە لە خزمەت میلیتاریزم و شەڕو تارمایی شەڕدایە.

## درێژەی...یادی ٩ ساڵەی ١٧ی شوبات و...

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خاڵە لاوازەکانی ئەم... هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیە و نارەزایەتیەکان کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە بە ئێستای کوردستانیشەوە، ئەوەیە کە ئەم نارەزایەتیانە لە عێراق، لوبنان و ئێران، تا دەگاتە میسرو تونس و سودانیش، وشیاری چینایەتی و هەم رێکخراوبوونی چینایەتی بەخۆیەوە نەگرتووە، واتە ئەوەبوو کە خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە راستە بەهۆی کەلێنێکی گەورەی نێوان بۆرژوازی دەسەڵاتدار و جەماوەری کرێکارو مەحرومانی کۆمەڵگەوە نارەزایەتیان نواندو لە دوو وڵاتی تونس و میسر دەسەڵاتیان روخاند، بەڵام نەیانتوانی دەسەڵاتی جەماوەری خۆیان بگرنە دەسەت، بەمەش نەیانتوانی ئەو خواست و دواکاریانەی کە بۆی هاتنەمەیدان بەدەستی بهێنن.

بەهەمان شێوە لە... کوردستان بەهۆی ناوشیاری چینایەتی و نا ڕێکخراوبوونەوە، کە بەرئەنجامی لەمەیداندا نەبوونی چینی کرێکار وەک هێزی چینایەتی کەمۆری خۆی بدات لەو بزوتنەوەیە و زاڵ نەبوونی سیاسەتی کۆمۆنیستی و مارکسی بەسەر بزوتنەوەکەدا و قەتیسمانەوەی ئەو نارەزایەتیانەی لە ناوچەیەکی دیاریکراو مەیدانی دیاریکراودا کە مەیدانی ئازادی سلێمانی بوو، لە جیاتی رێکخراوبوونی خەڵک لە شوراکانی خۆیاندا لەگەرەک و کارگەو کارخانەو زانکۆ و قوتابخانەکانداو کۆکردنەوەیان لەرێگای شەبەکەکانی پەیوەندی ئەم شوێنانەو سەرتاسەری بوونەوەی نارەزایەتیەکان و کۆکردنەوەو رێکخستنی زۆربەری کۆمەڵگە لەدەوری خواست و داواکارییەکان، فرسەتی دا بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی سازشکار کە کۆنترۆڵی ئەو نارەزایەتیانە لەو شوێنە دیاریکراوانەدا بکات و نارەزایەتیەکان پاشەکشە پێبکات. خاڵی لاوازی بزتنەوەی نارەزایەتی ئەمرۆی عێراق هەمان سیناریۆی ١٧ی شوباتی کوردستانە، سات وسەداکانی رەوتی سەدری ئێستای عێراق دووبارەبوونەوەی هەمان بزوتنەوەی گۆڕانە لەکوردستان.

راستە نارەزایەتیەکانی ١٧ی شوبات پاشەکشەی پێکرا، بەڵام لەماوەی ئەم نۆ ساڵەدا بەردەوام خەڵک بەشێوەی جۆراوجۆر ئەگەرچی پەرشوبڵاو بووە، بەڵام لە نارەزایەتییەکان بەردەوام بووە، نارەزایەتیەکانی ئەم ماوەیەی ناوچەکانی سەید سادق، عەربەت، چەمچەماڵ و پێنجوین. راستە لە ١٧ی شوباتدا خەڵک خۆشخەیاڵی بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی گۆڕان هەبوو، بەڵام ئێستا هەمان ئۆپۆزیسیۆن لەسەر حسابی پاشەکشە پێکرتدنی خۆپیشاندان و نارەزیەتییەکان و کوژران و سەرکوتەکانی ئەوکات شەریکی دەسەڵاتە. بەڵام بەدوای ٩ ساڵ لە ١٧ شوبات و سی ساڵ لەدەسەڵات و کارنامەی حزبەکانی کوردایەتی بەهەموو باڵەکانیەوەو بەکابینەی هاوبەشی سێ لایەنی پارتی، یەکێتی و گۆران، بەسەرکوت و چەواشەکاریەکانی هەموو بۆژوازی بە قەومی ئیسلامیەوە، خەڵک ڕۆژوانە زیاتر نەفرەتیان لێدەکات. راپەڕین و نارەزایەتیەک کەئێستا ناوچەکەی داگرتووە هەمان هەلومەرج لەکوردستاندا هەیە و ئەگەر بمانەوێت ئەو هەلومەرجە بگۆڕێت دەبێت بە ئامادەیی زیاتر لەو نارەزایەتیانەی ناوچەکە بێینە مەیدان تا بتوانین ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆمان و نەوەی داهاتوو دابین بکەین.

## درێژەی... دوا وتە

فەرمی داهات و سامان و بریاری سیاسی، قورغکردنی دەسەڵاتی باڵای بریاردان... سەرەکیترین ئەو پرسانەن کە یەکیتی دوای کۆنگرە نیشانی داون.

کۆنگرەی یەکێتی نەک نەیتوانی وەڵام بەدەردە قورسە سیاسی و رێکخراوەیەکانی بداتەوە، بەڵکو سەرەتای گرفتار بوون بەدەیان دەردو کیشەی تر لە بەردەم دەرگای یەکێتی نیشتیمانیدان.

باڵ و هێڵە جیاوازەکان کەناوخۆیی یەکێتیان داغ و وێران کردبوو، بە جێگۆرێکیەکی کەم و ئاڵوگۆرێک لە پێگەیاندا ماونەتەوە. باسی سەرهەڵدانی باڵ و هیڵی تریش دەکرێت. پرسی پرکردنەوەی بۆشایی تاڵەبانی، نەک وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی بنەماڵەیی و بۆماوەیی تۆخکردەوەو سەرەتای ناکۆکی بنەماڵەییش بۆ جێگرتنەوەی جێگای تاڵەبانی، لە پرسی هاوسەرۆکیدا بە رۆشنی دەبینرێت..

لەهەموو ئەوانەش واوەتر یەکێتی لەپەیوەند بە مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان، لە مامەڵە لەگەڵ نەیار و رەخنەگرانی، لە مامەڵە لەگەڵ ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، لەمامەڵە لەگەڵ ئارایشە سیاسیەکان و ناکۆکی نیوان حزبەکان، لەمامەڵە لەگەڵ میدیا و کاری رۆژنامەگەری لەگەڵ ئەحزب و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان، لە پەیوەند بە دیبلۆماسیەت...تاد، لەچاو سەردەمی تاڵەبانی، چەندین فرسەغ لەدواترە و ئاییندەی نزیکیش ئەو راستیانە، دەسەلمێنێ.

یەکێتی نیشتیمانی لە ژێر سایە و دەسەڵاتی بنەماڵەو ئامۆزاکان و ناکۆکییە پیشبینکراوەکانی داهاتوودا، لەسەر دەسەڵات و توانای بریاردان، نەک توانای هەستانەوە یان وەکو خۆیان دلێن نوێبوونەوەی نییە، بەڵکو رووبەرووی رەوتی داکشان دەبێتەوە. ئەوەی تا ئێستا یەکێتی هیشتۆتەوە، داسەپاندنی دەسەڵاتیەتی بەسەر زۆنی سەوزدا، لە رێگای هێزی چەکدار و دەزگای ئەمنی و کۆنترۆڵی داهات و سامان و خۆبەستنەوەیەتی بەخۆشخزمەتی وڵاتانەوە، لە پیشیانەوە ئیران. بەڵام ئەو پێگەیە تادێت بەرەو لاوازی دەچێت و هیزو لایەنە سیاسیەکانی تر نەک هەر کۆسپ و گرفتن لەبەردەم تواناکانی یەکێتی، بەڵکو لە رێگای پرۆژەی سیاسی و بوونی نەخشەو پلانی دیاریکراوەوە هەوڵی باڵادەستی و بەهێزبوونی پێگەی خۆیان دەکەن، کە بێگومان ئەمە بەزیان و پاشەکشەی یەکیتی تەواو دەبێت. ئەمرۆ یەکێتی لەهەموو هێزە سیاسیەکانی تری بەشدار لەدەسەڵاتدا، زۆرتر رووبەرووی نەفرەتی جەماوەری و تەنانەت تورەیی جەماوەر و لایەنگرانی خۆشیەتی.

دوای کۆنگرە بۆ یەکێتی کەشێکی شیاو نییە، کۆنگرە بۆ یەکێتی بە مانەوەی زوربەی کێشە کۆنەکان و گرفتە بناغەییەکانی پێشوویەوە، لەگەڵ گرفتەکانی دوای کۆنگرە، لە نەبوونی سیاسەت و پرۆژەی سەربەخۆ و غیابی هەر ئەلگۆ و فرۆمێکی جیاواز بۆ دەسەڵاتداریێتی لەزۆنی سەوزدا و نەبوونی هیچ روئیایەکی دیاریکراو بۆ روداو و پێشهاتە سیاسییەکان لە ناوچەکە و عێراق و کوردستاندا، وە رێگا نەدۆزینەوە بۆ کۆتاییهینان بە گرفتە ناوخۆییەکانی و نەبوونی دەروازەیەک بۆ وەڵامدانەوە بەپرسی نەبوونی سەرچاوەی بریاردان و بەرێوەبردنی یەکێتی، لەگەڵ مانەوەی گرفتی رابەری دوای تاڵەبانی.... ئەو گرفتانەن کە ئاییندەیەکی باش ناخەنە بەردەم یەکێتی، کۆنگرە نەبووە هەتوان، بەڵکو برینەکانی هیشتەوەو زامی نوییش دەرکەوتوون.

**ناوەراستی شوباتی ٢٠٢٠**

سالّی سێهەم ژمارە (69) 15/2/2020 دوا لاپەڕ

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، سەردار عەبدوڵا، شوانە حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، هیوا سالّح، جەمال نوری، کاوان قادر، هەتاو عەبدوڵاهی، بەڵێن ئیسماعیل، سەردار عەبدوڵا حەمە، نوری بەشیر، سەفین

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد


بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com


بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


# دوا وتە



## یەکێتی نیشتیمانی دوای کۆنگرە!

**عەبدوڵا مەحمود**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەسەرەتای دیسەمبەری ٢٠١٩ کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە لەدۆخێکی هەستیار و لەناو ململانیەکی قوڵی ناوخۆیی و کەشێکی سیاسی تایبەتی کوردستاندا بەست. ئەوەی تا ئێستا کۆنگرە بۆ کۆمەڵگەی ڕاگەیاندووە و نیشان داوە، بوونی هیچ پرۆژەیەکی سیاسی جیاواز بۆ هەلومەرجی کوردستان و خستنە ڕووی هیچ ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەو دۆسیەکانی کوردستان، عێراق و ناوچەکە و پەیوەندەیەکان نییە. لەجێگای ئەوە پرسی کەنالیزەکردنی دەسەڵاتەکان، مەسەلە ناوخۆییەکان، پەیرەوی ناوخۆ، دانانی پاڵاوگە بۆ تەسفیە حساباتی ڕێکخراوەیی، پابەندبوونی تەواوەتی بە دەسەڵاتی بۆماوەیی" بنەماڵەیی"، گۆڕانی هاوسەنگی و جێگۆرکێی بالانسی باڵەکان، قورغکردنی دەسەڵاتی بریاردەر لەدەستی بنەماڵەدا، سەرەتای دەرکەوتنی ململانێی لەناو باڵی بنەماڵەدا، بەتایبەت لە پرسی سەرۆک و هاوسەرۆکایەتیدا... سەرەکیترین ئەو دۆسیانەن کە دەبینرێن.

یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، بەر لەکۆنگرە بەدەست چەندین گرفتی قوڵەوە گیرۆدە بوو، لەوانە نەبوونی خەت هێڵی سیاسی ڕۆشن، پرۆژەی دیاریکراو بۆ دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، ڕوانین بۆ پرسی ئاییندەی سیاسی، ململانێی ناوخۆیی و بوونی چەندین هیڵ و باڵی جیاواز، نەبوونی یەک سەرچاوەی بریار و سەربەخۆیی سیاسی، گرفتی رابەری لەدوای تاڵەبانی... تاد. کۆنگرە بە بانگەشەی بنیاتنانەوەو نوێ بوونەوە، تازەکردنەوە، ڕزگاربوون لەدەست ململانێی ناوخۆیی، بەشداری لەدەسەڵات، سەربەخۆیی سیاسی، وەڵامدانەوەی بە بۆشایی رابەری... دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو بەستنی کۆنگرەیەکی ئاسایی، لە ڕێگای سازانی باڵ و لاباڵەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، لەدەرەوەی کۆنگرەو بەر لەکۆنگرە، کرایە قوربانی تەماحی سیاسی و دەست بەسەراگرتنی پۆست و داهات و بریار.

ئێستا زیاتر لە دوو مانگە کۆنگرەیەکی نمایشی کۆتایی هاتووە، بەڵام پەیامێکی سیاسی، پرۆژەیەکی گشتگیرو جیاواز بۆ دۆخی سیاسی کوردستان و کێشەکانی، و تەنانەت پرۆژەیەک بۆ رزگارکردنی یەکێتی لە گرفتە ناوخۆیەکانیشی نابینرێت. لە جێگای ئەوە باڵادەستی باڵی بنەماڵە و ڕەوایەتی وەرگرتنی، پاشەکشەکردن بەباڵ و هێڵەکانی تر، دەست بەسەراگرتنی...

بۆ لاپەرە 15

# ژنانی ئازادیخوازی عێراق، بەخۆپیشاندانێکی جەماوەری وەڵامی موقتەدا سەدریان دایەوە




دوای ئەوەی موقتەدا سەدر فتوای دا بەوەی دەبێ ژنان و پیاوان لەخۆپیشاندانەکاندا لەیەکتری جیابکرێنەوە، ژنانی شۆرشگێر و بەرابەریخوازی عێراق بانگەوازی وەستانەوە و خۆپیشاندانیان بەرووی ئەو فتوایەدا ڕاگەیاند، و بەرواری ١٣ ئەم مانگە گەورەترین خۆپیشاندانیان لە مێژووی عێراقدا بەدژی هەوڵ و فتوای موقتەدا سەدردا کرد و بە دروشمی" دەستورێکی مەدەنیمان دەوێ کە ڕیز لە ژنان بگرێت و یەکسانی یاسایی زامن بکات، و دژی جیاکاری و هەڵاواردن بێت، وەڵامێکی توندی سەدر و ئیسلامی سیاسییان دایەوە و نیشانیاندا کەبەشێکی سەرەکی و کاریگەرن بۆ گۆرانکاری و پاشەکشەپێکردن بە کۆنەپەرستی و هەڵاوارن و بێمافی... ئەم وەڵامە بەکردەوەو شۆرشگێرانەی ژنان بە سەدر و ڕەوتە ئیسلامییە سەدر ئاساکان، نەک هەر سەدر، بەڵکو سەرجەم ڕەوت و لایەنە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی هەراسان کردووە. ئەم خۆپیشاندانەی ژنانی عێراقی یەکێک لەگەشترین رووداوەکانی ناو خۆپیشاندانەکانی عێراقەو سەرکەوتنێکی کەم وێنەیە لە مێژووی هاوچەرخی سیاسی عێراقدا...

خۆپیشاندەرانی ئەمرۆی شاری بەسرە



## دەتناسنەوە....

ماسککەکەت فرێدە لاوۆ
هەر ئەتناسنەوە
ڕووخسارت دیار بێت یا دیارنەبێت
نیشانەیەکی ترسناکیت
لە پێش مێژووەوە
لەنێو جاسووسی تفەنگەکەی ئەوانیت
چونکە دڵنیان لێت
کە تۆ پڵنگەکەی ( ئازادی ) ستێنیت
هەر ئێستا نا ؟؟
لە زەمانی شیر و تیرەوە
بۆیان ڕەخسابێت ؟؟؟؟
سەریان بڕیویت
ئاخر ئەوان شەمشەمە کوێرەی تاریکین
چاویان بەتۆ هەڵنایەت
لە ( زانست ) زیاتر
لە شەبەنگی ئازادی
چاوەکانت دەترسن.
..لە ( دۆزەخ ) زیاتر
لە یەکسانی بوونی تۆ
دەترسن
...سەفین 12\2\20

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا

